گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/xhhyyy38

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن:10/02/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن:03/06/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە:29/08/2025

# فەلسەفەی پەروەردەی بێرتراند ڕاسڵ

هاوکار حمد خدر[١] - بتول رضا عباس[٢]

hawkarhamad@gmail.com dr.batool2010@uor.edu.krd

[2+1] بەشی فەلسەفە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

پوختە:

ئەو بۆچونانەی ڕاسڵ سەبارەت بە پەروەردە دەیانخاتەڕو، سەرنجڕاکێش و جێگەی گفتوگۆن، وەک ڕۆسۆ و لۆک پەروەردە بە مانای "خو_عادەت_ Habit" دەزانێت، پێیوایە منداڵ لە سەرەتای لەدایکبونیدا وەک ماددەی خاو وایە، ئەوە ئێمەین دەبێت فۆرمیان پێببەخشین. لە سەرەتادا زۆر ئاسانە کاریگەری لەسەر منداڵ دروست بکەیت بەو شێوەیەی دەتەوێت بە خوی باش یان خراپ ڕای بهێنیت، چونکە مرۆڤ(منداڵ) لە کاتی لە دایکبونیدا نە باشە و نە خراپە، ئەوەی کاریگەری لەسەر هەیە لە لایەک سروشتێکی نادیار و لەلایەکی دیکەشەوە پەروەردە و کاریگەرییە جۆراوجۆرەکانی ژینگەیە. شێوە بەم ماددە خاوە(منداڵە) دەبەخشن، (خو و شێوەپێدان) لە لایەنی جۆراوجۆر، بەباش و خراپەوە لە کۆتایدا دەبێتە هۆی خۆشبەختی یان بەدبەختی، منداڵ بە کاریگەری هەندێک غەریزە لە دایکدەبێت، لێرەوە بە کاریگەری ژینگە خو وەردەگرێت، لەوانەیە ئەو خوانە باشبن یان خراپ، ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەندی بە زیرەکی و دانایی دایکان و باوکان و سەرپەرشتیارانەوە هەیە، لەبەرئەوەی سروشتی منداڵ لە سەرەتاوە هێندە نەرم و پابەند و ئامادەیی وەرگرتنە کە باوەڕپێنەکراوە. زۆرینەی منداڵان بۆ بونیان بە مرۆڤێکی باش یان خراپ ئامادەگیان هەیە، چونکە ئەو غەریزە و کاردانەوانەی لەگەڵ منداڵان دێنە دونیاوە، لە ئەنجامی کاریگەری ژینگە و پەروەردە دەبنە خو و سیفەتی جێگیر، ئەمەش زیاتر لە قۆناغی منداڵیدا ڕودەدات. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش لە تەمەنی منداڵیدا بناغەی ئاکار و کەسایەتی منداڵ دروست دەبێت، ڕاسڵ پێیوایە لە ڕێگەی خوی پەروەردەکردنی ئاکارییەوە، پەروەردەی هزری و کەسایەتی منداڵ پێویستە لە تەمەنێکی بچوکەوە دەستپێبکات بۆ ئەوەی کەسێکی ئەرێنی و ئازا و زیرەک دەربچێت لەناو کۆمەڵگا، دەتوانرێت ئەم کارە لەگەڵ زۆربەی منداڵان ئەنجام بدرێت و ئەنجامێکی باشی لێدەکەوێتەوە.

**کلیلی وشەکان:** منداڵ، فەلسەفەی پەروەردە، فێرخواز، پەروەردەکار، ژینگە، ڕەفتار.

# Bertrand Russell’s Philosophy of Education

Hawkar Hamad Khdir [1] - Batool Ridha Abbas[2]

[1+2]Department of philosophy, College of human scinces, University of Raparin-Ranya, sulaimanya, KurdistanRegion, Iraq

**Abstract:**

Russell’s views on education are both interesting and controversial. Similar to Rousseau and Locke, he considered education to be a process of “self-habit.” Russell believed that children are like raw materials at birth, and it is our responsibility to shape them. In the beginning, it is very easy to influence a child, whether positively or negatively, because children are neither inherently good nor bad at birth. What influences them is, on one hand, an unknown nature, and on the other hand, education and various environmental factors that shape this raw material—the child.

Habits and conditioning, whether for better or worse, ultimately lead to either happiness or misery. A child is born with certain instincts and develops habits under the influence of the environment, which may be good or bad. This is largely determined by the intelligence and wisdom of the parents and guardians, as the nature of the child from the beginning is so soft, compliant, and receptive that it is almost unbelievable.

Most children are capable of becoming either good or bad individuals, as the instincts and reactions they possess become stable habits and characteristics due to environmental and educational influences—especially during childhood. For this reason, the foundation of a child’s behavior and personality is formed early in life.

Russell believed that moral education—the education of a child’s soul and personality—should begin at an early age to help them become positive, brave, and intelligent members of society. According to him, this can be achieved with most children, often with very good results.

**Keywords:** Child, Philosophy of Education, Learner, Educator, Environment, Behavior.

## پێشەکی:

پەروەردە یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی ژیانی کۆمەڵایەتی کە بۆتە جێگەی گفتۆگۆیەکی زۆری نێوان بیرمەندان و فەیلەسوفان لە هەمو قۆناغەکانی فەلسەفە، بەتایبەت لە سەردەمی هاوچەرخدا، لەبەر گرنگی و کاریگەرییەکەی بایەخێکی زۆری پێدراوە، هەمیشە تێڕوانینی جیاواز لەبارەیەوە هەبوە، بۆیە دەبینین هەر فەیلەسوفە و تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە پەروەردە دەخاتەڕو، هەندێکیان پێیانوایە"پەروەردە ئامادەکاریە بۆ ئایندە"، بەواتایەکی تر مرۆڤ

ئامادەدەکات بۆ ژیانی داهاتوی، یان پەروەردە بریتییە لە دەرخستنی تواناکان، هەروەها هەندێکی تر بە گەشەکردنی توانای بڕیاردانی دروستی دەزانن، جۆن دێوی پێیوایە"دوبارە بنیاتنانەوە و ڕێکخستنی ئەزمونە، بەمەبەستی فراوانکردنی مانای ئەزمون و ڕێنمایکردن و کۆنترۆڵکردنی ئەزمونەکانی دواتری مرۆڤ بەشێوەیەکی باشتر"، پەروەردە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن لە بەهاکانی مرۆڤ و بەرزکردنەوەی بەهاکان و تێگەیشتن و پەسەندکردنیان. بەهۆی ئەو تێڕوانین و پێناسە جیاوازانەی بۆ پەروەردەکراون دەکرێ بگوترێت، چەمکی پەروەردە چەمکێکی مشتومڕ ئامێزە، هەر فەیلەسوفە و قوتابخانە فەلسەفییە یان زانستە جۆراوجۆرەکان لە ڕوانگەی خۆیانەوە ئاماژە بە لایەنێکی پەروەردەدەکەن، ئەمەش بۆتە هۆی دروستبونی جیاوازی دیدوبۆچون. بەڵام بەکەمکردنەوەی جیاوازییەکان و وەرگرتنی خاڵی هاوبەشی نێوانیان دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی بگوترێت، پەروەردە دەتوانێت ببێتە هۆی گەشەکردنی تاک و خۆشگوزەرانی بۆ کۆمەڵ دابیندەکات، بەگشتی زیادکردنی توانای تاک و چەسپاندنی پایەکانی ژیان و گەشەکردنی بیرۆکەی دیموکراتی و پێکەوەژیان و تێگەیشتنی زیاتری تاکەکان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەخشندەییان بەهۆی پەروەردەوە پەیدادەبێت، ئەمەش کاریگەریەکی زۆری ئەرێنی لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی دەبێت، ئەم توێژینەوەیە لە دو بەشی سەرەکی پێکهاتوە هەوڵدراوە جۆرەکانی پەروەردە و گرنگترین بنەما پەروەردەیەکانی بێرتراند ڕاسڵ بخرێنەڕو.

**پرسیاری سەرەکی توێژینەوە**:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لە ڕوانگەی بێرتراند ڕاسڵەوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە:

١. گرنگترین جۆرەکانی پەروەردە لای ڕاسڵ چین؟

٢. ڕۆڵی قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییەکان چین؟

٣. پەیوەندی نێوان فێرکار و فێرخواز پێویستە چۆن بێت؟

٤. کاریگەری ژینگە لەسەر پەروەردە و فێرکردن چیە؟

٥. گرنگترین بنەما پەروەردەیەکان لای ڕاسڵ چین؟

## گرنگی توێژینەوە:

پەروەردە و فێرکردن یەکێکە لە بابەتە گرنگ و کاریگەرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە جیهاندا، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر تەواوی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بنەما و جۆرەکانی پەروەردەی ڕاسل بخرێتەڕو. ئەو سەردەمەی ڕاسل تێیدا ژیاوە بەهۆی کاریگەرییەکانی جەنگی جیهانی دوەم دۆخێکی نالەباری کۆمەڵایەتی دروست بوە، بۆیە لەڕێگەی سیستەمێکی پەروەردەییەوە هەوڵیداوە سەرلەنوێ ژیانی کۆمەڵایەتی ڕێکبخاتەوە. فەلسەفەی پەروەردەی ڕاسڵ کاریگەریەکی زۆری لەسەر پەروەردەی هاوچەرخ بوە، پشت ئەستور بە کتێبەکانی ڕاسڵ خۆی و گرنگترین سەرچاوە زانستییەکان بۆچونەکانی لەبارەی پەروەردە خراونەتەڕو.

**مێتۆدی توێژینەوە:**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی کە ئەنجام دەدرێت پێویستە پەیڕەوی مێتۆدەیەکی دیاریکراو بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی، لەم توێژینەوەیدا پەیڕەوی مێتۆدی شیکاری کراوە بۆ شیکردنەوەی تێکستەکانی بێرتراند ڕاسڵ لەسەر پرسی پەروەردە.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی سەرەکی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕوی گرنگترین بۆچونەکانی بێرتراند ڕاسڵە لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ، هەروەها خستنەڕوی گرنگی کاریگەری پەروەردە لەسەر کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی، ئاشنابونمان بەو مێتۆد و شێوازانەی ڕاسڵ لە قۆناغەکانی پەرورەدەکردنی منداڵ دیاریان دەکات.

**کێشەی توێژینەوە**: هەرتوێژینەوەیەکی زانستی پێویستە ئاماژە بە کێشەیەکی گرنگی کۆمەڵگە بکات بە ئامانجی دۆزینەوە و خستنەڕوی چارەسەری پێویست و گونجاو، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ئاماژە بە گرنگی و پێویستی فەلسەفەی پەروەردەی بێرتراند ڕاسڵ بدرێت وەکو یەکێک لە فەلسەفە هاوچەرخە گرنگەکان بۆ ڕەتکردنەوەی سیستەمی پەروەردەی کلاسیکی کۆن.

**پلانی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە دو بەشی سەرەکی پێکهاتوە، بەشی یەکەم بە ناونیشانی جۆرەکانی پەروەردە لای ڕاسڵ، دابەشکراوە بەسەر سێ باسی سەرەکیدا، باسی یەکەم: پەروەردەی ڕەفتاری، باسی دوەم: پەروەردەی سێکسی، باسی سێیەم: پەروەردەی هزری، هەوڵدراوە بۆچونەکانی ڕاسڵ لە بارەی جۆرەکانی پەروەردە بخرێنەڕو، بەشی دوەم بە ناونیشانی بنەماکانی پەروەردەی ڕاسڵ، دابەشکراوە بەسەر چوار باسی سەرەکیدا، باسی یەکەم: بنەمای ئامادەکاریی، باسی دوەم: بنەمای چالاکی، باسی سێیەم: بنەمای دیموکراسی، باسی چوارەم: بنەمای ئازادی، سەرجەم ئەو بنەما پێویستانەی ڕاسڵ بۆ پەروەردەکردنی منداڵ دیاریان دەکات خراونەتەڕو.

## بەشی یەکەم: جۆرەکانی پەروەردە لای ڕاسڵ

وەک ئاماژەی پێکرا راسڵ پەروەردە زیاتر بە دروستبونی خوەکان دەزانێت، بەرلەوەی ئاماژە بە جۆرەکانی پەروەردە بدرێت بەشێوەیەکی گشتی ڕاسل ئاماژە بە دو جۆری پەروەردە دەکات:١.پەروەردەی سودبەخش، ٢.پەرورەدەی ئەرستۆکراتی یان نمایشکارانە:

**١.پەروەردەی سودبەخش**: ئەو بەشەی پەروەردەیە کە ئەنجامێکی باشی لێدەکەوێتەوە، ئەم ئەنجامانە جگەلەوەی سودبەخشن بەمانایەکیتر دەبێت باشبن، ئەگەرنا ناتوانرێت پێناسەیەکی دروستیان بۆ بکرێت. ئێمە ناتوانین بڵێین کردارێک سودی هەیە ئەگەر ئەنجامێکی بەسودی نەبێت، چونکە لەوانەیە بەسود بگاتە ئەنجامێک ئاستی سودمەندی تێپەڕێنێت، ئێمە هەندێکجار پێش ئەوەی بگەینە ئەنجامی کۆتایی(راسل، ١٣٤٧، ١٥، ١٤)، بۆ نمونە لە کەرتی کشتوکاڵدا کێڵان ئەوکاتە سودی دەبێت کە دابچێنرێت، بەڵام کێڵانی زەوی خۆی لە خۆیدا (باش) نییە، بەڵکو بەسودە، چونکە بەهۆیەوە تۆوەکان دەچێنرێن ئەمەش سودی هەیە، لەبەرئەوەی گەنمی لێ بەرهەم دێت، گەنمیش بەسودە، چونکە نان دابین دەکات، ئەوەش سودی هەیە، چونکە ژیان دابین دەکات. ئایا ژیان بەسودە یان نا؟، ئەگەر بەسود نییە، ئایا پەروەردە سودی هەیە؟، ئەگەر سودی نییە، یان ئەگەر سودی بۆ ژیانێکی ڕێکخراونییە، ئەوا سود لەخۆیدا هیچ واتایەکی نییە، تەنها مەگەر ئەنجامەکەی باشبێت، ئەگەر بەم شێوەیە لێکدانەوە بۆ سود بکرێت، پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئایا پەروەردە دەبێت سودی هەبێت یان نا؟ بێگومان پەروەردە دەبێ سودی هەبێت، چونکە پەروەردە ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک نەک ئامانجێک بێت بۆ خۆی. بۆ نمونە پەروەردە سودبەخشە، چونکە دەبێتە هۆی دروستکردنی ئۆتۆمبێل، ئەگەر بپرسین سودی ئۆتۆمبێل چییە؟، دەڵێین دەبێتە هۆی ئاسودەبونی مرۆڤ، هەروەها بێگومان سودی پەروەردە لایەنێکی تری هەیە، بۆ نمونە ئەگەر کەسێک شاهنامەی فێردۆسی بخوێنێتەوە، لەوانەیە لە ژیانیدا زۆر بەکاری نەهێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا خوێندنەوەی ئەم جۆرە کتێبانە دەبێتە هۆی ڕۆشنگەری و کرانەوەی ئەقڵی مرۆڤ. بۆیە پەروەردە کاتێک بەسودە کە دەرئەنجامێکی باشی لێ بەدەستبهێنرێت، ئەم خوازراوییەش دەتوانێت چەمکی (بەسود) یان چەمکی هاوشێوەی لەخۆ بگرێت، بۆیە پەروەردە ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج نەک ئامانج لە خۆیدا، سودی پەروەردەش لەسەر هەمان ئاست دەبێت، بەڵام لەسەروی ئەمانەوە سودی پەروەردە بیرکردنەوەیەکی ئازادانەی لێ دەکەوێتەوە.(نقیب زادە، ١٣٧٤، ١٧٤-١٧٦).

بەمشێوەیە پەروەردە گرنگ و سودبەخشە، چونکە فێری تەکنیکەکانی کێڵانمان دەکات، لەلایەکیتر فێری خوێندنەوە و بیرکردنەوەمان فراوان دەکات، پەروەردەی سودبەخش زیاتر پەیوەندی بە چینی کرێکارانی کۆمەڵگاوە هەیە، چونکە ئەم چینە دەبێت فێربکرێن چۆن کار و ماندوبونەکانیان بەکاردەهێنن بۆ سودی ئەوانی دیکە بەشێوەیەکی واقیعی. لەم جۆرە پەروەردەیەدا زیاتر جەخت لەسەر سودی خۆی دەکاتەوە، نەوەک خزمەت بە چینی دەوڵەمەندی کۆمەڵگا، چینی کرێکار دەبێت کار بکات بۆ ئەوەی لە ئاوەدانی کۆمەڵگا بتوانێت سودی لێ وەربگرێت، بەڵام ئەم جۆرە هەڵوێستە لە سیستەمی پەروەردەی ئەمڕۆدا کەمتر بایەخی پێدەدرێت، چونکە مرۆڤ گورگی مرۆڤ نییە، بەڵکو لەگەڵ مرۆڤەکانی تر بەیەکەوە دەژین، بۆیە دەبێت بەپێی توانای خۆی هاوکاری یەکتربکەن. هەروەها سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بۆ هەموانە نەوەک تەنها چینێکی دیاریکراو، بێگومان دەبێت بگوترێ لە دونیای مۆدێرنی ئەمڕۆدا، پێویستە هەمو کەسێک بۆ پسپۆڕییەکی دیاریکراو پەروەردە بکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی باشترکردنی کارەکان و دەبێتە هۆی نەمانی ململانێ و جیاوازییە چینایەتیەکان. ڕاسڵ پێیوایە کرێکار جیاواز نییە لە ئەرستۆکراتەکان، هەردوکیان هەمان بەهای مرۆییان هەیە بەڵام بە کارەکتەری جیاواز و کاری جیاواز(راسل، ١٣٧٧، ٢٨).

**٢.پەروەردەی ئەرستۆکراتی(نمایشکارانە):** ئەم جۆرە پەروەردەیە زیاتر شێوازی لاسایکردنەوەی هەڵسوکەوتی کەسێکی پەروەردەکراوی خانەدانەکانە، خانەدانەکان بە وردبینییەوە قسەدەکەن و ڕەفتاری گونجاو ئەنجام دەدەن. لە کاتی گونجاودا بۆ دابونەریتە کۆنەکان دەگەڕێنەوە. جلوبەرگی گونجاو بەپێی شوێنەکە دەپۆشن، دەزانن لە چ کاتێکدا شەڕبکەن بۆئەوەی ناوبانگ پەیدابکەن. نمونەیەکی باڵای پەروەردەی نمایشی ئەرستۆکراتی کۆن نیشان دەدەن. وەکو چینێک لە مرۆڤەکان کە خاوەنی سامانێکی زۆرن و پێویستیان بە کارکردن نییە، پیاوی ڕێکپۆش و ژنانی ڕەسەن، چێژ لە پیاسەکردن و خوێندنەوەی مێژو وەردەگرن(راسل، ١٣٤٧، ١٦)، لایەنگرانی ئەم گروپە پەروەردەییە باوەڕیان وایە، چینی ئەرستۆکراتی دەبێت پەروەردە بکرێن، بۆئەوەی کاتە بەتاڵەکانیان پڕبکەنەوە و چێژ وەربگرن. چینی کرێکاریش ئامادەبێت کاری بەسودیان بۆ بکات، ئەم جۆرە پەروەردەیە بۆ ئەرستۆکراتەکانە، کە ژیانێکی خۆشگوزەران و ئاسودەیان هەیە، منداڵانی ئەم گروپە بەزۆری جگە لە دایکیان پەرستار و خزمەتکاری زۆریان هەیە و ژیانێکی شاهانە دەژین، ئەم جۆرە چاودێری و ژیانە هەرگیز بۆ منداڵانی دیکەی وڵات نییە(راسل، ١٣٧٧، ٢٥)، ئەمەش دەبێتە هۆی جیاکاری لەنێوان منداڵانی هەمان کۆمەڵگا، هەروەها دەبێتە هۆی نائارامی و ئاڵۆزی بۆ گروپی کرێکاران، لەبەرئەوەی ئەرستۆکراتەکان ژیانێکی ئارام و بێ کێشە دەژین، کەمتر ئامادەن بۆ کاری قورس و هەوڵی بەدەستهێنانی زانست دەدەن. ئەمەش زەمینەی وەبەرهێنانی زانستی فەرەهام دەکات. لێرەدا ئامانج بەرگریکردن لە شێوازێکی پەروەردەی و ڕەخنەگرتن لە شێوازێکی تر نییە، بەڵکو ئامانج ڕۆشنگەریە بۆئەوەی بتوانرێت ڕێگایەکی بنەڕەتی و گونجاو بۆ سیستەمی پەروەردەی کۆمەڵگایی مرۆڤایەتی بدۆزرێتەوە.

کەواتە پەروەردەی سودبەخش پێچەوانەی پەروەردەی ئەرستۆکراتی یان نمایشکارانەیە، چونکە پەروەردەی سودبەخش زیاتر بۆ چینی کرێکاران و پەروەردەی ئەرستۆکراتی بۆ چینی دۆڵەمەند و خانەدانەکان بو. هەردو گروپی پەروەردەکە لایەنگر و ڕەخنەگری خۆیان هەیە، ڕاسل بەپێی ئەو تایبەتمەندیانەی باسکران پەروەردەی ئەرستۆکراتی ڕەت دەکاتەوە، دەڵێت:"لەم سەردەمەدا کەسێک نییە لایەنگر و بەرگریکاری پەروەردەی ئەرستۆکراتی ببێت بەمشێوەیە سنوردار و بەرتەسکە"(راسل، ١٣٤٧، ١٦). بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بگوترێت ڕاسڵ سێ قۆناغی سەرەکی بۆ پەروەردە دیاری دەکات و بەوجۆرە دابەشیان دەکات:

**باسی یەکەم: پەروەردەی ڕەفتاری (خو)**:ڕاسل پەروەردەی ڕەفتاری بە قۆناغی یەکەمی پەروەردە دەزانێت، هەر بۆیە دەڵێت ساڵی یەکەمی لەدایکبون پێشتر لە دەرەوەی بازنەی پەروەردە دادەنرا، هەتاوەکو ئەوکاتەی کۆرپە زمانی دەبێتەوە

و دەتوانێت قسە بکات. بەتەواوەتی لەژێر چاودێری دایک و پەرستارەکەیدا بو، لەڕێگەی غەریزەکانی خۆیان تێدەگەیشتن چی بۆ منداڵ باشە. لە ڕاستیدا هیچ زانیارییەکیان نەبو، هەر بۆیەش لە ئەنجامی ئیدارەدانی خراپ و پەروەردەی هەڵە و پلاندانانی خراپ بناغەیەکی خراپیان بۆ خوی ئەقڵی دروستدەکرد، هەتاوەکو لەم دواییانەدا درکیان بەم گرنگییە کرد (هەمان سەرچاوە، ٧٦)، هەربۆیە دایک و باوکە باشەکان ئەوانەی لە گرنگی پەروەردە تێدەگەن گرنگیەکی زۆر بە تیۆرە زانستییەکان دەدەن بۆئەوەی بتوانن منداڵەکان بەباشی پەروەردەبکەن. لە ناوەندەکانی بەخێوکردنی منداڵان وەکو دایەنگە و باخچە زانیاری وەردەگرن، ئەنجامی ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبونەوەی ڕێژەی مردنی منداڵانی شیرەخۆرە و ئەوانەی لە ژیان دەمێنن لە ڕوی ئەقڵی و جەستەیەوە باشتر دەبن. پێویستە بگوترێت منداڵی تازە لەدایکبو هیچ خویەکی نییە، ئەو خوانەی کە لە سکی دایکیدا هەیبوە لە بارودۆخی دوای لەدایکبونیدا هیچ سودێکی نییە، بەڵام کۆمەڵێک غەریزەی هەیە، نمونەیەکی ئاشکرای ئەم غەریزانە بریتییە لە مژینی مەمک و خواردنی شیر. ئەم غەریزەیەش هەمیشە لەگەڵیدا نابێت، هەر لەبەر ئەو هۆکارەیە ڕاسڵ پێیوایە پێویستە گرنگی بدرێت بە پەروەردەکردنی خوی باش، ئەمەش لەبەر دو هۆکاری سەرەکی، یەکێکیان لەبەر لایەنی تەندروستی و ئەوی دیکەیان لە پێناوی فێربونی ئاکار و کرداری باش، ئەمەش تەنها لەڕێگەی پەروەردەکردنی خوەکانەوە دەبێت (هەمان سەرچاوە، ٧٧)، شێوازێکی گرنگی پەروەردەکردن ئەوەیە، بزانین دەمانەوێت منداڵ لە داهاتودا چۆن مرۆڤێک بێت، بۆئەوەی بەوشێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکەین. هەروەها گرنگترین کات بۆ دەستپێکردنی ڕۆژی یەکەمی لەدایکبونە، چونکە دواتر ئەگەر بمانەوێت خوەکانی بگۆڕین، منداڵ نائومێد و بێ هیوا دەبێت و هەوڵێکی زۆر پێویستە بۆ گۆڕینی خوەکان، دڵنایشنین لەوەی ئەنجامێکی دەبێت یان نا.

هەروەها گرنگترین شێواز بۆ پەروەردەکردنی خوی منداڵ بریتییە لە پاراستنی مامناوەندی، نە گرنگی پێدانێکی زۆر و نە پشتگوێخستنێکی زۆر، بێگومان هەرچی پێویست بێت بۆ ئاسودەیی و ئارامی منداڵ پێویستە ئەنجام بدرێت. لە کاتی ساردیدا پێویستە گەرم بکرێتەوە، کاتێک خۆی تەڕدەکات بیگۆڕێت، بەڵام کاتێک دەگری، هەمیشە هەقی ئەونییە. گرنگی پێدانی زۆر بە گریانەکەی لە ئەنجامدا دەبێتە خو بۆی، فێردەبێت لە کاتی جێبەجێنەکردنی خواستەکانی بە چاک و خراپەوە وەکو میکانیزمێک بۆ بەدەستهێنانی بەکاری دەهێنێت، ئەوەی پێویست و گرنگە بەشێوەیەکی سروشتی بۆی ئەنجام بدرێت نەوەک وادەربکەوێت من خۆم دەکەمە قوربانی ئەو، لەگەڵ منداڵدا لە ڕۆژی یەکەمەوە پێویستە وەکو مرۆڤێک سەیربکرێت، زۆرشت هەیە کاتێک منداڵ لەدایکدەبێت هیچ کێشەیەکی نییە، تەنان زۆر شیرینە، بێگومان نابێت چاوەڕێی ئەوە بکرێت منداڵێک وەکو گەورەیەک ڕەفتاربکات، بەڵام لە هەر حاڵەتێکدا نابێت منداڵان وەک ئامرازێک بۆ کات بەسەربردن بەکاربهێنرێن(هەمان سەرچاوە، ٧٠،٧١). کات بەسەربردن و یاریکردن لەگەڵ منداڵان چێژێکە دایک و باوک و گەورەکان سەرقاڵ دەکات، منداڵەکانیش خۆیان پێشوازی لێدەکەن، ئەم یاری و خۆشییە زۆر پێویستە، بەڵام پێویستە ئەوە بزانرێت ئەمانە بە جۆرێک دەبنە هۆی گەشەکردنی منداڵ یان جۆرێک لە پەروەردەی ڕەفتاری، بۆ نمونە منداڵ هەر کە بازێکی بەسەر شتێکدا چێژی لێوەردەگرێت، پێویستە هانی ئەم کارە بدرێت ئامرازەکانی یاری بۆ نمونە وەک تۆپێک لە دەستی ئەودابێت بۆئەوەی ماسولکەکانی قۆڵ و قاچی بەهێزبن. بەگشتی لە منداڵییەوە یارییەکان یان ئەو کات بەسەربردنانەی سەرنجی ڕادەکێشن، بۆ منداڵ پەروەردەییە و لێیانەوە فێردەبێت، بۆ نمونە سەرەتا لە بینینی شتە دەرەکییەکانەوە دەست پێدەکات، چێژ لەو شتانە وەردەگرێت بەرکەوتەی دەبێت لەگەڵیان، ئەمەش هێزی بینین و سەرنجی ئەو منداڵە بەهێز دەکات، دواتر یاری بە دەست و قاچی دەکات. وەک دەزانرێت لە کۆندا نەریت بوە کۆرپە بپێچرێتەوە بۆ ئەوەی قاچەکانی نەچەمێنەوە و قاچەکانی نەتوانن هیچ بکەن و ئەم کردارە گەشەی منداڵ خاو دەکاتەوە، بەڵام ئەمڕۆ دایک و باوک و پەروەردەکارانی منداڵ هەوڵدەدەن منداڵەکان بە ئازادی گەشە بکەن، ڕایانبکێشن بۆ یاریکردن، هاندانی ئەو منداڵانەی گۆشەگیرن بۆ یاریکردن، چونکە یاریکردن شتێکی

سروشتییە بۆ منداڵان، لەڕێگەی یاریەوە منداڵان خۆیان خاڵی دەکەنەوە، تانەنەت لەڕێگەی یاریەوە خۆیان بە فەرمانڕەوایەکی گەورەی زەوی دەزانن، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر باوەڕبەخۆبون، پەروەردەیەکی ڕاست و باش دەبێتە هۆی تێرکردنی هەستەکانی منداڵ. لە ساڵانی یەکەمی ژیانی منداڵدا، نابێت تاوانباربکرێت و سزابدرێت، بەڵام دواتر بە وریایی تەواوەوە ئەم کارە دەکرێت، هاندانیش نابێت ئاسان و زۆر بێت، چونکە بەهای خۆی لەدەستدەدات و منداڵەکەش ڕادێت کە بەردەوام کارەکانی جێگەی ڕەزامەندی بین(هەمان سەرچاوە، ٧٥)، دایک و باوک دڵخۆش دەبن کاتێک منداڵەکەیان بۆ یەکەمجار دەڕوات و تەنانەت هانی دەدەن، بەڵام باشترە نیشانی بدەن ئەم کارە پێویست و ڕاستە. خۆیان ئامادەن یارمەتی بدەن تا وردەوردە فێری ڕۆیشتن و قسەکردن و چەندین کردەی پێویست ببێت، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی منداڵ. بێگومان پێویستە بگوترێت منداڵ لە تەمەنێکی بچوکدا فێری چەندین ڕەفتار و کرداری دایک و باوک و کەسانی دەوروبەری دەبێت، هەر ئەمەشە وایکردوە پێویست بێت لەبەردەم منداڵدا ڕەفتارێکی باش و دروست ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی منداڵ فێری شتی خراپ نەبێت، چونکە ئەگەر شتێک فێربو، هەڵە بێت یان ڕاست، ئەگەری ئەوەی بتوانێت لە داهاتودا بیگۆڕێت زۆر کەمە، بۆیە دەبێت لەم تەمەنەدا، ڕەفتاری باش و پەسەند لای منداڵان ئەنجام بدرێت، لە ژینگەیەکی خۆشەویستیدا پەروەردە بکرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی خوی باش و پەسەند لە منداڵاندا و کاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر ئەنجامدانی کرداری باش و پەسەند لە داهاتودا. لەڕێگەی کرداری دایک و باوکانەوە منداڵ فێری خۆشەویستی و نەترسی و ئازایەتی و ڕێکوپێکی و بیرکرنەوەی تەندروست و بیرکردنەوەی ئازاد و ڕەخەنگرانە و ....هتد دەبێت، چونکە ئەگەر دایک و باوکانی منداڵ لەشتێک بترسن، ناتوانن منداڵێکی ئازا و نەترس پەروەردەبکەن، لەبەر ئەو هۆکارە ڕاسڵ دەڵێت:"ئەگەر دەتەوێت منداڵەکەت ئازا و نەترسبێت ئەوا خۆتان ترسنۆک مەبن"(راسل، ١٣٧٧، ٩٤)، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، ڕەفتار و کردارەکانی دایک و باوک نمونەیەکی باش و سەرنجڕاکێشن بۆ منداڵان. ئەو شتەی زۆرترین سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێت ڕەفتار و کردارەکانی دایک و باوکانن، کارلێکردنی ئەم کردارانە زۆر بەهێزە لەسەر منداڵ، بۆیە پێویستە ئەو ڕەفتار و کردارانە لەبەردەم چاوی منداڵدا ئەنجام بدرێت کە دەبێتە هۆی دروستکردنی خویەکی باش.

پرسێکی تری گرنگ لە ژیانی منداڵدا ژینگەیەکی گەرم و گوڕ و خۆشەویستی خێزانە، ئەم بابەتە هەستی ئارامی و گەشەکردن لە منداڵدا دروست دەکات، بە گشتی ڕۆحی منداڵ بۆ هەستکردن بە ئارامی پێویستی بە جێگیری و ڕێکخراوی هەیە(هەمان سەرچاوە، ٧٦)، ئەگەر ژینگەی خێزان میهرەبان و ئارام و سەلامەت بێت، منداڵ باشتر گەشە دەکات و تەنانەت لە داهاتوی تاکەکەسیشدا ئازا و نەترس دەردەکەوێت. ئەمانەش هەمویان هەستی باوڕبەخۆبون زیاددەکات و دەبێتە هۆی گەشەکردنی تواناکانی، پێویستە دایک و باوک تا دەتوانن منداڵەکانیان خۆشبوێت و خۆشەویستیان بۆ دەربڕن، چونکە خۆشەویستی بە جەوهەری خوی باش دادەنرێت، ئەگەر منداڵێک خۆشەویست پێدرا، منداڵەکەش بەرامبەرەکەی خۆشدەوێتەوە. جگەلەوەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی لایەنی ئاکاری و سێکسی و هزری منداڵ، کاتێک دایک و باوک منداڵەکانیان خۆشدەوێت، نابێت چاوەڕێی خۆشەویستی لێیان بکەن، چونکە خۆشەویستی ئەرکێک نییە، بە منداڵ بڵێن پێویستە دایک و باوک و خوشک و براکانی خۆشبوێت، ئەو دایک و باوکانەی دەیانەوێت لەلایەن منداڵەکانیانەوە خۆشەویست بن پێویستە بەشێوەیەک مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن کە سۆز و خۆشەویستی تێدا ڕەنگبداتەوە(هەمان سەرچاوە، ١٧٧). پێویستە خۆشەویستی بۆ منداڵ لە بەزەیی جیابکرێتەوە، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە بێت پەیوەندی سۆزداری نێوان منداڵ و دایک و باوک تێکدەدات. ئەو دایک و باوکانەی منداڵەکانیان خۆشدەوێت و دەیانەوێت منداڵەکانیان زیندو و دڵخۆشبن و هەمو شتێکیان بۆ دەکەن، بەڵام لەڕوی ئەقڵەوە نەک بەزەیی. بەزەیی زیاتر بۆ ئەو دایک و باوکانەیە منداڵیان نییە و ناتوانن منداڵیان هەبێت، لە خۆشەویستی تێناگەن، تەنها بە بەزەییان بۆ بونی منداڵ هەیە، هەر لەبەر ئەمە ڕاسل دەڵێت:"پێویستە قبوڵ بکرێت

بەزەیی خۆشەویستی نییە"(هەمان سەرچاوە، ٧٦)، جگەلەوەش خۆشەویستی وەک ئەرکێک بونی نییە و ناکرێ بەمنداڵێک بگوترێت دەبێت دایک و باوکت خۆشبوێت، ئەم جۆرە لە فەرمانکردنە ئەنجامی پێچەوانەی هەیە، ئەو دایک و باوکانەی دەیانەوێت خۆشەویست بن لای منداڵەکان، پێویستە بە شێوەیەک ڕەفتار بکەن سۆز و خۆشەویستی پێوەدیاربێت. هەروەها هەوڵبدەن گرنگی بە سۆز و خۆشەویستی ڕوحی و جەستەیی منداڵەکانیان بدەن، ئەوە بەتەنیا بەس نییە بگوترێت پێویستە منداڵ دایک و باوکی خۆش بوێت. خۆشەویستی دایک و باوک و منداڵ لە ئەشق و خۆشەویستی نێوان ژن و پیاو جیاوازە، لە خۆشەویستی دایک و باوک و منداڵدا هیچ چاوەڕوانییەک لە بەرامبەردا نییە و نابێت هەبێت، پێویستە دایک و باوک وەک بەشێک لە خۆیان منداڵەکەیان خۆش بوێت. ئەگەر کەسێک ددانی ئازاری هەبو و چارەسەری کرد، پێویست ناکات سوپاس بکرێت، خۆشەویستی دایک و باوک بۆ منداڵەکانیان ملکەچی هیچ یاسا و ڕێسایەک نییە، هەروەها پێویستی بە پەروەردە نییە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی ڕاسل بڵێت:"خۆشەویستی ناتوانێت وەک کار و ئەرکێک بێت، چونکە ملکەچی ئیرادە نییە، دیارییەکی ئیلاهییە و باشترینی ئەوەیە بە هەرزانی دەبەخشرێت"(راسل، ١٣٤٧، ٢٠٨)، کەواتە خۆشویستنی بۆ منداڵ وادەکات بە باشی گەورەببێت و بەهرە و تواناکانی گەشە بکەن. بەوشێوەیە ئەگەری ئەوە هەیە منداڵ لە تەمەنی پیریدا دایک و باوکی خۆش بوێت.

بەوشێوەیەی ڕونکراوەتەوە سەبارەت بە پەروەردەکردنی خوەکان، دەتوانرێت بگوترێت ئەم جۆری پەروەردەکردنە زیاتر مامەڵە لەگەڵ خوەکان دەکات، ئامانجەکەی ئەوەیە منداڵێکی چاونەترس، ئازا، ڕاستگۆ، خۆبەخش، داهێنەر، ژیر،.....هتد، پەروەردەبکرێت، ئەو بەشەی پەروەردە ئەگەر بەباشی ئەنجام بدرێت وەکو پایەیەکی بەهێز و دامەزراو، چاوەڕێ دەکرێت بۆ قۆناغەکانی داهاتوی ژیانی مرۆڤ سودی لێ ببینرێت.

**باسی دوەم: پەروەردەی سێکسی**: کۆمەڵێک یاسا و ڕێنماییە بۆ ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری منداڵان و هەرزەکاران لە دەزگا فەرمییەکانی پەروەردە وەریدەگرن، بۆئەوەی بتوانن زانیاری زانستی دروست لەسەر تایبەتمەندییە سێکسییەکان و چۆنیەتی ئاگاداربون لە نەخۆشییەکان و خۆپاراستنیان بەدەستبهێنن، بەئامانجی ڕاهێنان و بەدەستهێنانی بەهای ئاکاری لە چوارچێوەی ڕەفتاری سێکسی لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگا(النعمی، ٢٠٠٨، ١٩)، هەروەها قۆناغی دوەمی پەروەردەیە ڕاسل باسی کردوە. ئەم جۆرە پەروەردەیە بنەمای دروستکردنی کەسایەتییەکی تەندروستە بەبێ دروستبونی هیچ بۆشاییەک لە کەسایەتی تاکدا. ئەگەر ئەم پەروەردەیە بە باشی ئەنجام بدرێت، ئەوا مرۆڤ خاوەنی کەسایەتییەکی تەندروست و ئاسایی دەبێت. بابەتی سێکسی یەکێکە لە نیگەرانییەکانی مرۆڤ، بەجۆرێک ئەو بابەتانە کێشەیان بۆ مرۆڤ دروست کردوە، هەر بۆیە زۆرێک لە دەرونناس و بیرمەندان قسەیان لەسەر ئەم بابەتە کردوە، یەکێک لەوانە فرۆید و شوێنکەوتوانی گرنگەیکی زۆریان بەم بابەتانەداوە، دەڵێن زۆرێک لە کێشە سێکسییەکان و هەستە سێکسییەکان بەهۆی پەروەردەی سێکسی هەڵە دروستدەبن، دواتر وەک گرێی ئۆدیپ دەردەکەوێت. هەرچەندە ڕاسل لەگەڵ ئەم تیۆرییەی گرێی ئۆدیب نییە، بەڵام پێیوایە زۆرێک لە کێشەکانی مرۆڤ بەهۆی پەروەردەیەکی هەڵە لەم بوارەدا دروست دەبن، لە منداڵیدا پێویستە وەڵامی بەدواداچونی پرسیارە سێکسییەکانی منداڵان بدرێتەوە، بۆ نمونە هەندێکجار جیاوازی نێوان جەستەی ژن و پیاو سەرنجی ڕادەکێشێت، ئەم بەدواداچونە هیچ پەیوەندییەکی بە داواکاری سێکسی نییە، بەڵکوجۆرێکە لەبەدواداچون و پرسیاری منداڵانە. وەک هەر بەدواداچونێکی دیکە هەرکاتێک وەڵامێکی بڕواپێهێنەری درایەوە، بە تەواوی دەستبەرداری ئەو بابەتە دەبێت(راسل، ١٣٧٧، ١٦٣)، هەر لەسەرەتاوە منداڵ دەرفەتی ئەوەی هەیە ژن و پیاو بەبێ جلوبەرگ ببینێت، ئەمەش مانای وایە جیاوازی نێوان ژن و پیاوی بۆ ڕونە، ئەمە شتێکە بەشێوەیەکی ئاسایی هەمو ڕۆژێک بەسەریدادێت. ئەگەر لێرەوە

دەستپێبکەین، چیتر خەمی ئەوەمان نابێت کاتێک گەنجە چۆن فێری بابەتە سێکسیەکانی بکەین، ئەگەر ئەم کارە بکەین، خۆی لە گەورەیدا لەم کارە تێدەگات. پێویستە جیاوازی نێوان دایک و باوکی و خوشک و براکانی ببینێت و بزانێت، کاتێک هەمو شتێک دەبینێت چیتر گرنگییەکی تایبەتی پێ نادات و مێشکی بە بابەتەکەوە سەرقاڵ نابێت. چارەسەری ئەم بابەتە ئەوەیە دایکان و باوکان لەڕوی دەرونیەوە هەست بەوە نەکەن ئەو بابەتەی باسی دەکەن شتیکی خراپە، دایکان و باوکان پەیوەندییەکی نادروستیان لە گەڵ منداڵاندا هەیە، کاتێک منداڵەکانیان شەرمیان لێدەکەن، ئەم هەستە بەرەو ڕەشبینیان دەبات، ئەم هەستە تارادەیەکی زۆر هەتاوەکو گەورەدەبن لەگەڵیاندا دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی کێشە بۆ کچان و کوڕانی گەنج، بۆ نمونە ئەگەر منداڵێک پرسیاری لە بابەتی سێکسی کرد، دەتوانرێت بەوشێوەیە بۆی ڕون بکرێتەوە، ڕاسل دەڵێت:"تۆ پێشتر نەبویت، دواتر لە سکی دایکدا گەورە بویت، لێیبگەڕێ شیرخواردنی کۆرپەکە ببینێت و پێیبڵێ تۆش بەهەمان شێوە شیرت دەخوارد، هەمو ئەمانە پەیوەندییان بە بابەتی سێکسییەوە هەیە، نابێت منداڵ ئەم بابەتە وەکو بابەتێکی نهێنی ببینێت"(هەمان سەرچاوە، ١٦٥)، هەروەها دەڵیت:"نابێت بزانن گەورەکان لەڕوت بونەوە شەرم دەکەن و ئەم بابەتە لە ئامادەبونی کەسانی تردا بە ناشیرینی دەزانن"(هەمان سەرچاوە، ١٦٣)، کاتێک منداڵەکە گەورە بو، وردە وردە لەم شتانە تێدەگات. نابێت منداڵ وابیربکاتەوە بابەتی سێکس شتێکی گاڵتەجاڕانە و ناشیرینە، بەڵکو دەتوانرێت پێی بگوترێ، پێشتر تۆ نەبویت، دواتر لە سکی دایکت گەورە بویت، دایکت شیری پێداویت و پەروەردەی کردیت تا گەیشتیتە ئێرە، ئەوکات منداڵ خۆی تێدەگات بابەتی سێکسی نەک تەنها ناشیرین و قێزەون نییە، بەڵکو هۆکاری پەیدابونی ئەوە، بۆیە تەنانەت سوپاسی دایک و باوکیشی دەکات، لەبەر ئەم هۆکارەش پێویستە هەر لەسەرەتاوە بەشێوەیەکی سروشتی و ئاسایی و بەرێزەوە بابەتی سێکسی باس بکرێت. جگەلەوە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو، دایک و باوک و منداڵەکان نەگونجاو دەبێت. باشترین وێنەی بابەتی سێکسی پەیوەندی نێوان دایکان و باوکانە، ئەو خۆشەویستیەی لەنێوانیان هەیە بۆ منداڵەکان بیگوازنەوە. زۆر باشترە بۆ یەکەمجار لە پەیوەندی نێوان دایک و باوکیانەوە فێری سێکسبن، نەوەک سەرنجی یەکەمیان لە لەشفرۆشی و نەبونی خۆشەویستیدا بەدەست بهێنن. شتێکی خراپە وەکو تاوان سەیری بابەتی سێکسی نێوان دایک و باوکیان بکەن و هەوڵدەن بەشاراوەیی بیهێڵنەوە(ڕاسل، ١٣٤٧، ٢٠٣)، هەر بۆیە پێویستە زانیاری سێکسی پێشتەمەنی باڵغبون بۆ منداڵان ڕونبکرێتەوە، بەشێوەیەکی زانستی ئەرکی ئەندامە سێکسیەکانیان بۆ ڕونبکرێتەوە وەکو ئەندامەکانی تری جەستە. چۆن چاو ئەرکی بینینە و گوێ ئەرکی بیستنە و لوت ئەرکی بۆنکردنە، بەوجۆرەش بۆیان ڕونبکرێتەوە ئەرکی ئەندامە سێکسیەکانش وەچەخستنەوە و زۆربونە(علی، ١٩٩٢، ١٠)، گەیاندنی ئەو زانیاریانە پێش ئەو تەمەنە پەیوەستە بە ژینگە و دۆخی ئەو منداڵە. منداڵێک کە زیرەکتر و وریاترە و زوتر پرسیاری بۆ دروست دەبێت و زیاتر بەدواداچون دەکات پێویستە زوتر زانیاریەکانی پێ بگوترێت لەچاو ئەو منداڵانەی کەمتر بەدواداچون بۆ بابەتەکان دەکەن، بۆیە هەمیشە پێویستە وەڵامی بەدواداچونەکانی منداڵان بدرێتەوە هەتا ئاستی ڕازیبونیان، بۆئەوەی کێشەی دەرونیان بۆ دروست نەبێت. بۆیە پێویستە پرسی سێکس وەکو بابەتێکی ئاسایی و باوبێت بۆ گەنجان نەوەک وەک پرسێکی کێشەدار لێی بڕوانرێت. هەروەها نابێت نیگەرانی ئەوەبین کە پرسی سێکس بابەتێکی ناشیرین و قێزەونە، بەو ئەنجامە بگەین ژنی هاوسەردار ناتوانرێت ڕێزی لێبگیرێت، هەرچەندە ئەو ژنە دایکی منداڵەکانە(هەمان سەرچاوە، ٢٠٤)، هەر بۆیە پێویستە گەنجان تێبگەیەنرێن و ڕێنمایی بکرێن، ئەگەر منداڵیان هەبو، پێویستە بە بابەتێکی جددی و گرنگی بزانن. بۆ ئەمەش دەبێت گەنجان لە دو شت ئاگادار بکرێنەوە:"پێش هەمو شتێک پاکوخاوێنییە، پێویستە گەنجان زانیاری لەسەر نەخۆشیيە سێکسییە گواستراوەکان وەربگرن پێش ئەوەی توشی ببن، پێویستە بەوپەڕی ڕاشکاوی و ڕاستگۆییەوە فێر بکرێن بەبێ زیادەڕەوی، هەندێک کەس ئەمە بەکاردەهێنن لە بەرژەوەندی ئاکاری باو، پێویستە بزانن چۆن خۆیان لێی دور بخەنەوە و هەروەها چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەن"(ڕاسل، ١٣٧٧، ٢٠٦)، پرسێکی

تر:"پێویستە بۆ گەنجان لە فێرکردنی خۆشەویستی ئەوەیە، نابێت وابیربکەنەوە لە خۆشەویستیدا ئیرەیی شتێکی سروشتی و پێویستە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ بزانن حاڵەتێکی زۆر ناڕەحەت و هەڵەیە کاتێک ئیرەیی ڕودەدات لە نێوانیاندا خۆشەویستی دەکوژێت و کەسایەتی لەناو دەبات، کاتێک ئیرەی نییە خۆشەویستی دەگاتە لوتکە و مرۆڤ هەست بە کامڵی کەسایەتی خۆی دەکات"(هەمان سەرچاوە، ١٦٩)، هەر بۆیە دایک و باوک لەم قۆناغەدا خۆشەویستی خۆیان دەدەنە منداڵەکانیان، ئەوان زۆر باش دەزانن ئەم خۆشەویستییە ئەرک نییە، بەڵکو دیارییەکی ئاسمانی (ئیلاهی)یە بۆ منداڵەکانیان. بۆ ئەوەی منداڵ لە ڕوی پەروەردەی سێکسییەوە بە باشی پەروەردە بکرێن، پێویستە دایکان و باوکان و پەروەردەکاران بنەما زانستییەکان بەکاربهێنن نەک خورافات. لەبەر ئەم هۆکارە ڕاسل دەڵێت:"ئەم بابەتە لەلایەن ئەو کەسانی باوڕیان بە خورافات هەیە بەشێوەیەکی بەهێز ڕێگری لێدەکەن، من بە وریاییەوە لێی نزیک دەبمەوە"(هەمان سەرچاوە، ١٧٠)، کاتێک دایکان و باوکان لەگەڵ منداڵەکانیان باسی ئەم پرسانە دەکەن، پێویستە بە ئازادی و بەبێ ترس قسەبکەن، نابێت بەجۆرێک بابەتەکان بخەنەڕو وەک ئەوەی باسی سنورداركردنیان بکەن، یان باوکان لەگەڵ منداڵەکانیان بەشەهامەت و ئازایەوە لەبارەی ژیانی هاوبەش پێکەوە قسە بکەن و ڕێنماییان بکەن. قسەکردن لەسەر ئەم بابەتانە لەگەڵیاندا بە ترس و ناڕەحەتیەوە وا لەگەنجان دەکات وابیربکەنەوە، ئەم بابەت و بارودۆخانە شەرمەزارکەر و ناسروشتی و ناڕەحەتن. بابەتەکان تا ئەو شوێنەی منداڵەکان دەیانەوێت و دەتوانن بە ئاسانی و ڕاستی باس بکرێن، ئەنجامە زانستییەکانیان بۆ ڕونبکرێتەوە، هەتاوەکو بتوانن باشتر مامەڵە لەگەڵ پرسەکانی پەیوەست بە سێکس بکەن.

خاڵێکی دیکە سەبارەت بە پەروەردەی سێکسی دەوروژێنرێت و زۆر جەختی لەسەر دەکرێتەوە، نەبونی قەدەغەکردنە لە بابەتە سێکسیەکان. بەپێی سروشت ناتوانین لەوە دڵنیا بین کە منداڵەکەمان قەدەغە کردو هەڕەشەمان لێکرد لە بەردەوامبونی پرسیارە سێکسیەکان دەکرێت خۆی بپارێزێت و پرسیار نەکات، بەڵام لەوانەیە مەیلی بۆ ئەو شتانە هەبێت، ئەوەش لایەنێکی پێچەوانە و مەترسیدارە، دەبێتە هۆی تێکچونێکی توندی دەماری کاریگەری خراپی دەبێت. ڕاسڵ دەڵێت:"هەرچەندە پرسەکە قورس بێت، پێویستە ئەمجارە منداڵەکە بە تەنیا جێبهێڵرێت، ئیمە ناڵێین جگە لە قەدەغەکردن هەتاوەکو کۆتایی وازی لێ بهێنین"(راسل، ١٣٤٧، ٢٠٠)، بەڵکو پێویستە هەتاوەکو دەتوانین ڕێنماییان بکەین و ڕێگەی ڕاستیان پیشان بدەین و ڕاستییان پێبڵێین. نابێت شەرم لە گوتنی ڕاستییەکان بکرێت، چونکە ئەگەرچی گێڕانەوەی ڕاستیەکان ڕەنگە بۆ یەکەمجار قورس بێت، بەڵام دواتر کە جێگیر دەبێت کێشەی نابێت، بەڵکو بە گوتنی ڕاستییەکان دایکان و باوکان هەست بە ئاسودەیی دەکەن و ڕێگای ڕاستیش نیشانی منداڵەکان دەدەن و ڕێنماییان دەکەن. بێگومان یەکەم پرسیارەکانی منداڵ سەبارەت بە بابەتی سێکسی پەیوەندییان بە جیاوازی ڕەگەزییەوە هەیە لە نێوان ژن و پیاو و لە نێوان دایکان و باوکان و منداڵدان، ئەم جۆرە پرسیارانە ئاساین. پێویستە ڕێگەبدرێت منداڵەکان پرسیارەکانیان لەسەر ئەم بابەتە و پرسەکانی تر بوروژێنن، ئەم پرسیارانە لەبەر ئارەزوی سێکسی نییە، بەڵکو بەهۆی ئارەزوی پرسیارکردن و بەدواداچونی منداڵانە، بۆیە دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە. نەهێڵین منداڵ بە کۆمەڵێک پرسیاری بێ وەڵام گەورە ببێت، چونکە ئەم پرسیارە بێ وەڵامانە دەبنە هۆی توشبون بە کێشەی دەماری و دەرونی. ڕێگا چارەسەرەکەی ئەوەیە دایکان و باوکان لە خێزانەکانیاندا بەشێوەیەکی ڕاست و ڕاشکانەوە فێری پەروەردەی سێکسیان بکەن، بۆ دەستپێکردنی ئەو کارە دەبێت خۆشەویستیان بدەنێ، پێویستە بگوترێت بۆ ئەوەی منداڵێکی تەندروست و خاوەن کاراکتەرێکی جێگیر و باڵا و ئاکاری هەبێت، گرنگە کێشە سێکسییەکانیان چارەسەر بکرێن، نەوەک زنجیرەیەک بابەت کە هەتاوەکو کۆتایی ژیانیان جێگەی نیگەرانیی دەبێت وەکو پرسیار لەلای بمێنێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، خێزان(دایک و باوک) گرنگترین ڕۆڵی هەیە لەم بوارەدا، دەبێت دایکان و باوکان منداڵەکانیان خۆشبوێت و بێ ترس و لەسەر بنەما و پرەنسیپی زانستی وەڵامیان بدەنەوە، دواتر هێواش هێواش پێش

قۆناغی باڵغبون و پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بەهەندێک بابەتی دیکەی سێکسی ئاشنابکرێن و دواتر کە گەورەبون خۆیان درک بە هەمو شتەکان دەکەن. ئێمە ناڵێین پێچەوانەی نەریتی مرۆڤایەتی کاربکەین، بەڵکو هەتاوەکو هەستی بەدواداچونی منداڵ تێردەکرێت وەڵامی پرسیارەکان دەدرێتەوە، ئەمەش زۆرینەی کێشەکانی مرۆڤایەتی چارەسەردەکات و ڕێگری لە لادانەکانی هەرزەکاران و گەنجان دەکات، دوبارە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو قسەیەی کە پێویستە بەدواداچونی منداڵان تێر بکرێت. منداڵ هەست بە جیاوازی لە نێوان دایک و باوکیدا دەکات، دەیبەستێتەوە بە جیاوازی نێوان خوشک و براکانی، کاتێک ئەم بابەتە بۆئەو ڕون و ئاشکرابو، ئیتر بەدواداچون ناکات، بۆیە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان گرنگە، چونکە وەڵامی پرسیارەکان لە پەروەردەی سێکسیدا گرنگترینن، دوخاڵ لێرەدا گرنگن:

١.وەڵامی پرسیارە سێکسییەکانی منداڵ بەڕاستی و ڕاشکاوی بدرێتەوە.

٢.پێویستە ئەو زانیاریانەی پەیوەنیان بە بابەتە سێکسییەکانەوە هەیە وەکو زانیارییەکانی دیکە گرنگیان پێبدرێت، نەوەک ئەگەر لەسەر بابەتەکانی سێکس پرسیاریان کرد بێدەنگیان بکەی(هەمان سەرچاوە، ٢٠١).

**باسی سێیەم: پەروەردەی هزری**: جۆری سێیەمی پەروەردە بریتییە لە پەروەردەی هزری و گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت، پەروەردەی هزری پەیوەندی بە ئازادییەوە هەیە. واتا ئازادی بیرکردنەوە و تێڕامان، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ڕاسل وەک جۆن دیوی، لە کتێبی(ڕاستی و ئەفسانە)دا، لە بەشی دیموکراسی و ئازادی، پەیوەست بە پەروەردە و فێرکردن، باڵاترین ئازادی بە ئازادی بیرکردنەوە و تێڕامان دەزانێت. پێیوایە قوتابخانەکان و سیستەمی پەروەردە پێویستە ئەم لایەنەی ئازادی بۆ فێرخواز فەرەهام بکەن، بۆ ئەوەی فێرخوازان بتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ بیربکەنەوە و تەنانەت توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیان هەبێت. پەروەردە بنەماکانی ژیانی مرۆڤ بەهێز دەکات، خوەکان دواتر بەدەوری ژیاندا دەسوڕێنەوە، ئەم بابەتە ئەوەندە گرنگ بو زۆرێک لە بیرمەندان هەمو هەوڵێکیان خستەگەڕ بۆ دروستکردنی پەروەردەیەکی لەو شێوەیە، جەختیان لەوە کردەوە ئەگەر پەروەردەی کەسی(من) لە منداڵیدا بە دروستی ئەنجام نەدرێت، ناتوانرێت لە تەمەنی گەورەییدا بەهیوای باشتربون و گەشەکردنی ببین. بەهەرحاڵ ناتوانرێت پەروەردەی کەسی(من) بە تاکە ئامانجی پەروەردە و فێرکردن دابنرێت، بۆیە ڕاسل دەڵێت:"پێویستە پەروەردەی کەسی(من) لە ئەنجامی پەروەردەی هزریەوە بێت"(هەمان سەرچاوە، ٢٢٦)، دەڵێت:"پەروەردەی هزری ئاماژە بە توانا و لێهاتوی بەدەستهێنانی زانین دەدات"(هەمان سەرچاوە، ٦٣)، نەک کۆمەڵێک زانیاری کە تەنها لە ڕێگەی لەبەرکردنەوە دروست دەبن، بۆ نمونە لەبەرکردنی چەند دێڕێک شیعر ناتوانرێت وەک بەدەستهێنانی زانین هەژمار بکرێت، چونکە بەدەستهێنانی زانین چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە لە لەبەرکردن جیایی دەکاتەوە، ئەم تایبەتمەندیانە بریتین لە بەدواداچون، بیری کراوە، ئەو باوەڕەی گەیشتن بە شتەکان قورسە بەڵام مەحاڵ نییە، سەبر و ماندوبون، تەرکیز و سەرنج، ڕاسڵ دەڵێت:"بنەمای پەروەردەی هزری هەستی بەدواداچونە، لە فۆڕمی سەرەتاییدا لە نێو منداڵاندا دەبینرێت"(هەمان سەرچاوە، ٦٢).

بێگومان هەمو جۆرە بەدواداچونێک ناتوانرێت بە باش و خوازراو هەژمار بکرێت، چونکە هەندێک بەدواداچون خوازراو نین، بۆ نمونە(گوێگرتن) بەدواداچون نییە، بەڵکو دزیکردنە بۆیە هیچ بەهایەکی زانستی نییە و ناتوانێت هیچ شتێک بۆ زانیاری مرۆڤ زیاد بکات، بەڵام سەیرکردنی منداڵێک بۆ چۆنیەتی دەرگا کردنەوە جۆرێکە لە بەدواداچون، چونکە منداڵ هەمیشە دەیبینی دەرگاکە داخراوە، هەر کە کرایەوە بە تامەزرۆییەوە سەیری دەکات بۆ ئەوەی فێری شێوازی کردنەوەکە ببێت. هەستی بەدواداچون سروشتییە، ئەوکاتە سودبەخش دەبێت کە ئامانجی بەدەستهێنانی زانینی بەسود بێت، ئەم هەستە نەک تەنها لە نێو منداڵان(مرۆڤەکان)، بەڵکو لە نێو ئاژەڵەکانیشدا(پشیلەی ماڵی)

هەیە، هەستی بەدواداچون، بە واتای ئارەزوی بەهێزی فێربون و زانین. ئەم هەستە زیاتر لەناو منداڵاندا دەبینرێت و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی مرۆڤدا هەستی بەدواداچون کەم دەبێتەوە و هێزی سەرنجدان زیاتر دەبێت، بێگومان بەدواداچون کاتێک نرخی هەیە کە وابەستەی بەرژەوەندی کەسی نەبێت، بەڵکو گشتی بێت، دەبێت بگوترێت بەدواداچون و گەڕان ئەوکاتە بەنرخن کە بۆ بەدەستهێنانی زانین بێت نەک بۆ بەدەستهێنانی سودی کەسی. بەهەرشێوەیەک بێت بەدواداچونی هەرکەسێک بۆ بەدەستهینانی ئەوشتەیە کە جێگەی سەرنجیەتی، ئەگەر بمانەوێت بەدواداچون ئەنجامی هەبێت، دەبێت لەسەر بنەمای زانست و زانیاری بێت. ئەوەی بەدواداچونیش دەکات دەبێت هێزی چاودێری بەهێزی هەبێت و سەبر و ئارامی هەبێت و بڕوای بە زانست و زانیاری مرۆڤ هەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی زیاتری مرۆڤ. بەمشێوەیە بەدواداچون دەبێتە هۆی پەروەردە و پەرەپێدانی زیاتری بیرکردنەوە (راسل، ١٣٧٧، ٦٠)،

بەمشێوەیە بنەمای پەروەردەی هزری هەستی بەدواداچونە، هەروەها خاڵی دەستپێکی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لەو هەستەوە دەست پێدەکات، بەمەرجێک ئەوکەسەی بەدواداچون دەکات، باش فێرکرابێت و ئارەزوی بۆ ئەو بابەتە هەبێت. لێرەوە پێویستە فێرکاران فێرخوازان فێری بەدواداچون بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە ئامانجەکەیان، واتا وەڵامی بەدواداچونەکانیان وەربگرنەوە و کارامەییەکان فێربین، کە لەگەڵ بەهرەکەیاندا بگونجێت. لەهەمانکاتدا پێویستە هەست بە بەدواداچونی منداڵەکە لەبارەی هەندێک پرسەوە بکەن، هەرگیز مافی ئەوەی نییە وەڵامی بەدواداچونی منداڵەکان نەداتەوە، تەنانەت ئەگەر پەیوەندی بە بابەتەکانی قوتابخانە یان بابەتێکی نا ئاکاریشەوە هەبێت، کە لەگەڵ بابەتی وانەکەشدا نەیەتەوە(راسل، ١٣٤٦، ٢٦٢)، ڕاسڵ دەڵێت:"ترسناکترین پرسیارەکان باشترن لە بێدەنگی، لەبەرئەوەی ئەو بیرکردنەوانەوە دەمێنەوە و گەشەدەکەن"(راسل، ١٣٧٧، ١٨٣)، هزری کراوە سیفەتێکە لە هەر شوێنێک ئارەزوی زانینی پاک و ڕاستەقینە هەبێت هەمیشە ئامادەیە، تەنها لەو جێگایانە لاواز دەبێت کە ئارەزوەکانی دیکە گرفتاری ئەو باوەڕەن کە ئێمە لە ئێستادا حەقیقەت دەزانین(راسل، ١٣٤٧، ٢٢٨)، بیرکردنەوە بەبێ بیرکردنەوەیەکی پێشوەختە ئازادە، کە لەسەر بنەمای مرۆڤ توانای ڕەتکردنەوەی هەر بۆچونێکی هەیە ئەگەر لەسەر بنەماکانی ئەقڵ و پشت ئەستور بە ئارگومێنت بونیات نەنرابێت. مرۆڤی خاوەن ئەقڵی کراوە هەرگیز خۆی لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا سنوردار ناکات، بەڵکو لە کات و شوێنێک تێدەپەڕێت و بە قازانج و زەرەرەوە پابەند نابێت، بەڵکو هەمیشە پاڵپشتی ڕاستی و هەقیقەت دەبێت. پێویستە فێرکاران هانی گەنجان بدەن بۆ قبوڵکردنی هەمو بیرکردنەوە و گفتوگۆیەک، بە ئاسانی بۆچونەکانیان بگۆڕن کاتێک هەڵەیان سەلمێنرا، ئەنجامی ئەم کارە ئازادی بیرکردنەوە و بیروڕا دەبێت، بەڵام بڕیاری کردار دەبێت بەشێوەیەکی ورد بدرێت، بەو مانایەی دەتوانرێت پێداچونەوە بە هەمو بیرکردنەوەیەکدا بکرێت، هێزی چاودێریکردنی هزری تایبەتمەندیەکی زۆر بەهادارە، زۆر کەمن ئەوانەی لەڕێگەی پەروەردەوە پێی دەگەن، ئەم سیفەتە بەشێوەیەکی سروشتی گەشە دەکات و پێدەگات. منداڵان کەمتر دەتوانن لە بابەتە وردەکان تێبگەن، مرۆڤ هەتا گەورەتر دەبێت توانای تێڕامان و چاودێریکردنی زیاتر دەبێت، بەڵام بەهەرشێوەیەک بێت توانای تێڕامانی هزری کاتێک دەگاتە بەرزترین ئاست کە مرۆڤێکی خاوەن زانیاری و خوێندەواربێت(راسل، ١٣٧٧، ١٨٧)، بەڵام ئەگەری زۆر نییە بەبێ پەروەردەی هزری، توانای تێڕمانی تەواو لە بیرکردنەوەدا بەدەست بهێنرێت، لەبەر ئەم هۆکارە، بۆ ئەوەی تێڕامانێکی هزری بەهێز هەبێت پێویستە چەند هۆکارێک لەبەرچاو بگیرێن:١.سەرنجدان، ٢.قوڵبونەوە، ٣.ئارەزوی کەسی(راسل، ١٣٤٧، ٢٢٩)، ئەم سێ هۆکارە بۆ ماوەیەک بەوردی پێویستن بۆئەوەی بتوانرێت کێشەکە چارەسەربکرێت یان لێی تێبگەین، توانای تێڕامان و سەرنجدان پێویستە لەخودی مرۆڤدا هەبێت. لە هەمو حاڵەتەکاندا بەکاربهێنرێت نەک تەنها بۆ پرسێکی دیاریکراو کە وا لە خەڵک دەکات جیهانی دەوروبەریان لەبیربکەن، پێویستە سەرنجدان بگاتە ئەو ئاستەی مرۆڤ بتوانێت گرنگی بەو شتانە بدات کە

خۆی دەیەوێت و بە پێویستی دەزانێت. هەروەها وردبینی وەک سەرنجدان وایە لە ژێر کاریگەری ئیرادەی ئازادی مرۆڤدا، سیفەتێک کە سیستەم و دامودەزگاکانی خوێندن ئامانجیان گەشەپێدانی فێرخوازانە، بەمشێوەیە ئەگەر سیستمێکی پەروەردەی توانی ئەو سیفاتە لە فێرخوازاندا گەشەپێبدات، ئەوا دەکرێت بگوترێت ئەو سیستەمە پەروەردەییە سەرکەوتوە.

وردبینی لێکدانەوەیەکی هزری نوێیە، پاڵنەری ناوخۆیی و دەرونیەکان زاڵ دەبێت نەک دەرەکی، واتا ئەگەر فێرخوازێک حەزی لە فێربونی بابەتێک بو بە مەبەستی فێربونی شتێک لە خواستی ناوەکی و هاندەرە دەرونیەکەوە سەرچاوەی گرتبو، فێربونەکەی بەشێوەیەکی ورد دەبێت، چونکە لە فێربوندا هاندەری سەرەکی ئارەزوی فێرخواز خۆیەتی نەک شتێکی دیکە. لەبەر ئەم هۆکارە، ئەگەر سیستەمی پەروەردەیی گرنگی بەم بنەمایە بدات، دەتوانرێت هیوای ئەوە بخوازرێت فێرخوازان بە وردبینیەکی تەواو دەگەن، بەمشیوەیە پەروەردەی هزری پەیوەستە بە سیفەتەکانی وەک بەدواداچون، هزری کراوە، توانای تێڕامان و وردبینی، ئەگەر بمانەوێت فێرخوازان پەروەردەیەکی هزری باڵایان هەبێت، پێویستە ئەو سیفەتانەی پێشتر باسکران، بە بەهێزتر و پەروەردە بکرێن لە ناویاندا. پەروەردەی هزری لە دونیای ئەمڕۆدا گرنگیەکی زۆرهەیە، چونکە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە فیرخوازدا دروست دەکات، جگە لەو هۆکارە دەتوانرێت بڵێین درککرن و تێگەیشتنی قوڵ لە تەڵقین جیابکرێتەوە، بۆیە دەڵێت:"یەکێک لە کەموکوڕییەکانی ئاکاری نەریتی بەکەم سەیرکردنی هۆش بو. یۆنانیەکان هەڵەیەکی لەو جۆرەیان نەکرد، بەڵام کڵێسا هانی خەڵکی دەدا کە جگە لە فەزیلەت هیچ شتێکی دیکە بەهایی نییە، فەزیلەتیش واتا دورکەوتنەوە لەوشتانەی بە تاوان دادەنرا. بۆیە کاتێک دۆخێکی لەوشێوەیە هەبێت، مرۆڤەکان ناتوانن تێبگەن هۆش زۆر لەوە باڵاترە کە ئەوان تێی گەیشتون و ناویان لێناوە فەزیلەت"(نقیب زادە، ١٣٧٤، ١٧٧)، هەروەها بەبێ هزر و بیرکردنەوە، ناتوانیت لە جیهانی ئاڵۆزی ئێستا بژی، بۆ ئەوەی بەرەو پێشەوە بچین، هزر ڕێگامان نیشان دەدات و لەگەڵ ڕێبواردایە بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە شوێنی مەبەست(هەمان سەرچاوە، ١٧٨)، هزر دەبێتە هۆی نەبونی ترس لە مرۆڤدا، چونکە ئەگەر دانایی و بیرکردنەوە لە مرۆڤدا هەبێت، شوێنی ترس نامێنێت کە سەرچاوەی هەمو نەهامەتییەکان و کێشەکانە. لێرەدایە ڕاسل ئازایی و نەترسی وەک جەوهەری دانایی دەبینێت(راسل، ١٣٤٧، ٢٠٨)، بەڵام بەداخەوە شیوازی تەڵقین و سەپاندنی بیروڕا بەسەر فێرخوازدا وەک بابەتێکی دیاریکراو گرنگیی تێڕامان و بیرکردنەوە کەم دەکاتەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی فێرکاران پشتگوێی بخەن، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی ڕاسڵ پەروەردەی هزری بە یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی سیستەمی پەروەردەیی بزانێت و لە چەند کتێبکیدا جەختی لەسەر دەکاتەوە، بەتایبەتی لە کتێبەکانی(لەبارەی پەروەردە) و (پەروەردە و ژیانێکی باشتر) و (ڕاستی و ئەفسانە)، زیاتر ناوەڕۆکی ئەم کتێبانە خۆی لە ئازادی بیرکردنەوە و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا دەبینێتەوە.

## بەشی دوەم: بنەماکانی پەروەردەی ڕاسڵ

بنەماکانی پەروەردە سەرجەمی ئەو چەمک و تیۆر و ڕێسا و بنەما گشتییەکان دەگرێتەوە، بۆ ئاڕاستەکردن و ڕێنمایکردنی ڕاهێنەر و فێرکار و بەڕێوەبەر و دایکان و باوکان و هەمو ئەوانەی ڕۆڵیان هەیە لە سیستەمی پەروەردەدا، لەگشت قۆناغەکانی پەروەردە و فێرکردندا. ئەم بنەما و یاسایانە بەزۆری لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی دەرونی و کۆمەڵناسی و کلتوری و زانستییەکانەوە وەرگیراون. ئەزمون و بۆچونی فێرکارانن بە درێژایی مێژوی ژیانی مرۆڤایەتی، بۆیە لە باسکردنی پەروەردە لە ڕوانگەی ڕاسلەوە، گرنگە ئەو بنەما سەرەکیانە ئاماژەیان پێبکرێت کە ڕاسڵ لەبوارە جیاوازەکانەوە ئاماژەیان پێدەکات، بەتایبەت لە فەلسەفەی پەروەردەیی و سیاسی و زانستییەکانیدا. ئەم بنەمایانە وەک ڕێنماییەک لەکاتی لێکۆڵینەوەدا بەکار دەهێنرێن بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێکی دروست. کەواتە بنەما پەروەردەییەکان ئەو چەمکە

گشتیانەن، ڕێنمایمان دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە بواری پەروەردەدا، ئەم چەمکە گشتیانە ئەوانەن پێویستە لە بواری پەروەردەدا لێیان بکۆڵرێتەوە و دیاری بکرێن(میلر، ١٣٧٩، ١٦)، هەر لەبەرئەمەشە زۆرێک لە فێرکارە گەورەکانی پەروەردەیی پێیان وایە بۆ ئەوەی مرۆڤ بچێتە ناو بواری پەروەردە و فێرکردن، سەرەتا دەبێت لە بنەڕەتەکانەوە دەست پێبکات بۆئەوەی بەباشی لە پێکهاتەی سەرەکی پەروەردەی بگات. بۆیە ئەگەر سەیری کتێبەکانی ڕاسڵ بکەین، دەردەکەوێت چەند بنەمایەکی بنەڕەتی و سەرەکی بۆ بواری پەروەردە و فێرکردن دیاری دەکات، چونکە پەروەردە لای ڕاسڵ گرنگەیەکی تایبەتی هەیە و کاریگەریەکی بەهێزی لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە بە شێوەیەکی گشتی. بۆیە دەیەوێت لەڕێگەی پەروەردەیەکی دروستەوە مرۆڤێکی بیرکەرەوە و ئازاد پێبگەیەنێ کە ئامانجی بونیاتنانی کۆمەڵگایە لەسەر بنەماکانی ئازادی و پێکەوەژیانێکی ئاشتیانە، دەکرێت چوار بنەمای سەرەکی لە فەلسەفەی ڕاسڵ دیاریبکرێن وەک بنەمای سەرەکی پەروەردە:

**باسی یەکەم: بنەمای ئامادەکاری**: یەکەم و گرنگترین بنەما لە بواری پەروەردەدا بنەمای ئامادەکاری جەستەیی و ئەقڵی مرۆڤە. مرۆڤ دەبێت لە ڕوی جەستەیی و ئەقڵیەوە بەشی ئەوەندە گەشە بکات بۆ ئەوەی بتوانێت لە هەر ئاستێکدا بێت لە بابەتەکان تێبگات، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی هەندێک کەس لەوانەش(جیرۆم برۆنەر) بانگەشەی ئەوە دەکەن:"هەر بابەتێک دەتوانرێت بە شێوەیەکی باش و کاریگەر لە هەر قۆناغێکی گەشەکردنیدا فێری منداڵ بکرێت"(هەمان سەرچاوە، ٥٨)، بە مەرجێک ئامادەکاری جەستەیی و ئەقڵی پێویستی هەبێت. ڕاسلیش وەک لە باسی جۆرەکانی پەروەردەدا ئاماژەی پێدراوە، باس لە گرنگی ئامادەکردنی منداڵان بۆ پەروەردەی کەسی (من) کردوە. پێداگری لەسەر ئەوە کرد پێویستە منداڵان هەر لە سەرەتایی منداڵیەوە لە ڕوی جەستەیی و ئەقڵی و دەرونییەوە بەشێوەیەک پەروەردە بکرێن، بەتەواوەتی سەلامەتی تەندروستی جەستەیی و ئەقڵیان گرنگی پێ بدرێت و بە بنەماکانی پەروەردەیەکی دروست ئاشنا بکرێن، بۆئەوەی ببنە مرۆڤێکی تەواو و بەختەوەر (ڕاسل، ١٣٧٧، ٧٩)، بۆ ئەوەی منداڵان لە ڕوی جەستەیی و ئەقڵیەوە گەشە بکەن و ئامادەبکرێن، پێویستە پەروەردەیی کەسی(من) بە باشترین شێوە ئەنجام بدرێت، دواتر وەڵامی ئارەزوە جەستەی و ڕوحیەکانی بدرێتەوە، وەک ئەوەی لە پەروەردەی سێکسی خراوەتەڕو، کە پێویستە دایکان و باوکان وەڵامی هەمو پرسیارە سێکسیەکانی منداڵان بدەنەوە. بۆئەوەی هیچ کێشەیەکیان بۆ دروست نەبێت و باشتر گەشەبکەن و پەروەردەبکرێن. خەمی سەرەکی ڕاسل نەبونی ترسە لە مرۆڤەکاندا، دەڵێت مرۆڤەکان دەبێت بێ ترس بژین، هەربۆیە بە ڕستەیەکی شیرین دەڵێت:"ئاواتەخوازم ڕۆژێک ببینم ئازایەتی لە هەمو کەسێکدا هەبێت"(نقیب زادە، ١٣٧٤، ١٧٥)، بۆ ئەوەی منداڵ بتوانێت ئازایەتی و جورئەت بەدەستبهێنێت، سەرەتا دەبێت هێزی جەستەیی(ئامادەکاری لەڕوی جەستەیی)یان بۆ دابین بکرێت. پێویستە بەهرەی جەستەیی خۆیان لەڕێگەی کاری دەستی پەرەپێبدەن بۆ ئەوەی بتوانن هێزی کۆنترۆڵکردنی ماددەکان بدۆزنەوە و کێشەکە چارەسەر بکەن، لەلایەکی دیکەوە هیچ مێتۆدێکی جێگیر نییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ترس لە منداڵدا، بەڵام هەر کەسێک لەڕێگەی ئەزمونی خۆی (ئامادەکاری دەرونی) دەتوانێت میتۆدێک بۆ ئەم ئەرکە بگرێتەبەر. واتا کاتێک مرۆڤ بوێری ئەوەی هەبێت کارێک ئەنجام بدات و باوەڕی پێی هەبێت نەترسێت (ڕاسل، ١٣٧٧، ٨٧_٨٩).

بەمشێوەیە ئامادەکاری جەستەی و ئەقڵی بنچینە و بنەمای ژیانی تاک پێکدەهێنن، تەنانەت دەبێتە هۆی متمانە بەخۆبون لە مرۆڤدا و بنەمای گەشەکردن و پێشکەوتن بۆ مرۆڤ دابین دەکات. ئەمەش نەک بە تەنیا لە تەمەنی منداڵیدا، بەڵکو لە تەمەنی گەورەیشدا گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە دەبێتە هۆی توخمێکی چالاک و ڕەخنەگرانە و بیرکەرەوە بۆ مرۆڤ. لێرەوە دەکرێت بگوترێت ئامادەکاری جسمی و ئەقڵی بۆ پەروەردەی کەسی(من)، پەروەردەی سێکسی، پەروەردەی هزری، لە باڵاترین ئاستدا گرنگ و پێویستە، دەبێتە هۆی پێشکەوتن، پێشکەوتنی تاک دەبێتە

هۆی پێشكەوتنی كۆمەڵگا، ئەمەش خزمەتێكی گەورە و گرنگە بە كۆمەڵگای مرۆڤایەتی. گرنگی ئامادەكاری (ئامادەكردنی مرۆڤ لە هەمو ڕویەكەوە بۆ ژیانی داهاتو)، ئەوەندە بەسە بگوترێت مرۆڤ لە كاتی لەدایكبوندا نە باشە و نە خراپە، بەڵكو بەهۆی پەروەردەكردن و كاریگەرییە جۆراوجۆرەكانی ژینگەیە شێوە بەم ماددە خاوە دەدات(نقیب زادە، ١٣٧٤، ١٧٣)، چونكە ئەگەر مرۆڤ لە ڕوی جەستەیی و هزرییەوە ئامادە نەبێت، ناتوانرێت چاوەڕێی ئەوە بكرێت پەروەردەیەكی دروستی هەبێت، بۆیە منداڵ لە هەر تەمەنێكدا بێت دەبێت ئامادەی دەرككرن و تێگەیشتنی كەرەستە و بابەتەكانی هەبێت. بۆئەوەی بتوانرێت پەروەردەیەكی دروست بكرێت، بنەماكانی پەروەردەیەكی دروست بەدەست ناهێنرێت تەنها بە هەوڵی پەروەردەكاران و فێركاران و پیشەگەری پەروەردەیی و فێرخوازان خۆیان نەبێت.

بەوپێیەی بنەمای ئامادەكاری یەكەم و بنەڕەتیترین بنەمایە كە پێویستە ڕاهێنەر و فێركاران لەبەرچاوی بگرن، نابێت بە هیچ شێوەیەك ئەم بنەمایە لەبیربكەن، چونكە پشتگوێخستنی ئەم بنەمایە نەك تەنیا فێرخوازان بێ مەیل دەكات، بەڵكو دەبێتە هۆی نەمانی بەهرە و تواناكانیشیان. ئامادەكاری بنەمای بنەڕەتی سیستەمی پەروەردەییە، هەتاوەكو مرۆڤ لە ڕوی جەستەیی و ئەقڵییەوە ئامادە نەبێت، ناتوانرێت هیچی فێری بكرێت. ڕەنگە هەر ئەمەش هۆكارێك بێت كە زۆرێك لە شارەزایانی هەڵسەنگاندن پێش ئەوەی تاك بچێتە ناو قۆناغێكی دیاریكراو، زنجیرەیەك تاقیكردنەوەی ئامادەكاری (پێش تاقیكردنەوە) ئەنجام دەدرێت بۆ دیاریكردنی ئاستی ئامادەكاری كەسەكە لە هەمان قۆناغی تاقیكردنەوە.

**باسی دوەم: بنەمای چالاكی**: لە پرۆسەی فێربوندا، مرۆڤ دەبێت چالاك بێت و لە ژێر ڕێنمایی فێركاردا فێربێت. كاتێك بابەتێك وەك كێشەیەك بۆ فێرخواز دەركەوت، بۆ ئەوەی ڕۆڵێكی كارا ببینێت لە پرۆسەی چارەسەركردنی كێشەكەدا و سەركەوتو بێت، پێویستە هەوڵی چارەسەركردنی بدات. بەمشێوەیە بەشێك لە فێركاران و فەیلەسوفان لەوانەش جۆن دێوی شێوازی چارەسەركردنی كێشەكان دەخەنە ڕو بۆ ئەوەی مرۆڤ چالاك بكات. لە پرۆسەی چارەسەری كێشەكەدا، كەسەكە هەندێكجار سەركەوتو دەبێت لە دەستنیشانكردنی كێشەكە و دواتر بە چەند هەنگاوێك چارەسەری دەكات، بەم شێوەیە كەسەكە بەشێوەیەكی لۆژیكی هەوڵی چارەسەری كێشەكە دەدات، هەندێكجار پێویستی بە ڕێنمایی فێركار دەبێت و هەندێكجار تەنیا خۆی كێشەكە چارەسەر دەكات. بە بڕوای هەندێك لە پسپۆڕانی دەرونناسی و پەروەردەكاران، فێربونی تەندروست و باش كاتێك ڕودەدات كە فێرخواز خۆی ئەزمون بكات، لە ئەنجامی ئەو ئەزمونەدا گۆڕانكاری لە بیركردنەوە و خو و ئارەزو و مەیلەكانیدا دەردەكەوێت، ئەمەش وایكردوە هەندێك كەس چالاكی ئازاد بە یەكێك لە مافە سەرەتایی و زەوتنەكراوەكانی تاكەكان بزانن، دەڵێن پێویستە لە ڕەوتی كاروباری پەروەردەیدا سود لە خواست و ئارەزوەكانی فێرخوازان وەربگیرێت(شریعتمداری، ١٣٨٠، ٢٨)، ئەنجامدانی چالاكی لە یاریدا دەدۆزرێتەوە، یاریكردن شتێكی سروشتییە بۆ منداڵان و بە بەشێك لە ژیانی ئاسایی دادەنرێت. ڕۆڵی یاریكردن تەنها لەگەشەكردن و پەروەردەكردنی منداڵان و گۆڕانكاری خودیە ئەرێنیەكاندا نییە، بەڵكو زەمینەیەك دەڕەخسێنێت بۆ فێربون، لەم بارەیەوە ئەفلاتون دەڵێت:"بۆ فێركردنی منداڵان هێز بەكارمەهێنن، بەڵكو یاری وەك شێوەیەكی فێربون بەكاربهێنن، بەمشێوەیە تواناكانیان باشتر دەزانین"(نقیب زادە، ١٣٧٤، ٤٤)، لەڕێگای یاریەوە منداڵان هەمو دونیای خۆیان نمایش دەكەن، لەڕێگەی یاریەوە بە ئارەزوەكانی دەگات.

بەمشێوەیە گرنگترین فاكتەری پەروەردە، سەربەخۆیی فێرخوازە، پەروەردە پرۆسەیەكە لە ناو ناخی مرۆڤدا ڕودەدات، بۆیە فێرخواز ڕۆڵێكی سەرەكی و بنەڕەتی لەم پرۆسەیەدا هەیە، بێگومان لە كاتی خوێندنی فێرخوازدا پێویستە فێركار هەمو لایەنەكانی كەسایەتی فێرخواز لەبەرچاو بگرێت، بۆ ئەوەی لە داهاتودا لە هەمو ڕەهەندەكانەوە گەشە بكات هیچ لایەنێكی فەرامۆش نەكرێت، بۆئەوەی هیچ ڕێگریەك نەبێت بۆ گەشەكردنی بونیەكەی. بۆ ئەوەی فێرخوازان بە باشی

چالاک بین و توانای ئەنجامدانی کارەکانیان بەباشی هەبێت، پێویستە فێرکاران و ڕاهێنەران گرنگی بە ئارەزو و مەیل و بیرکردنەوە و بیرۆکەکانی فێرخوازان بدەن، هەریەکەیان بە پێی توانای خۆیان ڕێنمایی و ئاراستە بکرێن. ڕاسل یەکێکە لەو کەسانەیە جەخت لەسەر سەربەخۆی و چالاکیی فێرخوازان دەکاتەوە، فێرخواز بە ئامانجی سەرەکی پەروەردە و فێرکردن دەزانێت، هەر لەبەر ئەمەشە دەڵێت:"هەمو مرۆڤێک ئەوەندە گرنگە بونی بە ئامانج گیراوە، چونکە هەمو مرۆڤێک دەتوانێت ئەوەندە گرنگ بێت، هەمو شتێک بخاتە ژێر کاریگەری بونی خۆی"(راسل، ١٣٧٧، ٤٧)، لەجێگایەکی تردا دەڵێت:"لە هەر شوێنێک بتوانرێت، با فێرخوازان لایەنێکی چالاکیان هەبێت نەک لایەنێکی ملکەچکەر"، ئەمە یەکێکە لەو نهێنییانەی پەروەردە دەکاتە مایەی چێژ و دڵخۆشی، نەک مایەی ئازار و ئەشکەنجەدان، نمونەیەک لە ژیانی تایبەتی خۆیەوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی بۆچونەکانی دەهێنێتەوە دەڵێت:"لەبیرمە کاتێک بۆ یەکەمجار ئەنجامەکەی نیوتنم لە یاسای دوەمی کێشکردنی کەپلەردا خوێندەوە، هەستم دەکرد نزیک بوم لە سەرخۆشبون، کەم شت هەیە ئەوەندە بەسودبێت، کردار و چالاکیی کەسەکە و پاڵنەری ناخەکی دەرفەت دەدات بە منداڵەکە بۆ دۆزینەوە، هەروەها کاتێک هەموبابەتەکان لە پۆلدا دەخوێندرێن، لە پەیوەندی زیاتر و ئەگەری چڕتردا، هەستی ئازایەتی و بوێری لە کاروباری هزریدا باشتر دەکات"(راسل، ١٣٤٧، ٢٤١)، هەروەها سەبارەت بە گرنگی چالاکییەکانی فێرخوازان دەڵێت:"لە ڕابردودا هیچ لە پەروەردەی سروشتی (غەریزە) تێنەدەگەیشتن، بۆیە بە ناچاری پەنایان بۆ سەرکوتکردن و سزادان بە هۆکاری گرنگ دەزانی لە دروستکردنی ئەوەی پێی دەگوترا فەزیلەت، ئێمە ئێستا دەزانین سەرکوتکردن و سزادان شێوازێکی خراپە، چونکە لە لایەکەوە نامانگەیەنێتە ئەنجام و لە لایەکی ترەوە دەبێتە هۆی تێکچونی لایەنی دەرونی، پەروەردەکردنی غەریزەکان ڕێگەیەکی ترە و شێوازێکی تری هەیە، خو و لێهاتویەکان وەک کەناڵێک وایە بۆ غەریزە کە هێزەکانی ئاراستە دەکەن، بە دروستکردنی خو و لێهاتویی دروست، دەتوانرێت غەریزەی منداڵ بە ڕێگای دروست ئاراستە بکرێت"(نقیب زادە، ١٣٧٤، ١٧٨).

کەواتە بەمەبەستی چالاککردنی فێرخوازان و دەرفەت پێدانیان، فێرکار دەتوانێت بۆ ئەو مەبەستە لە یاری و نمایشەکان کەڵک وەربگرێت. بۆ نمونە نمایش و ڕۆڵگێڕان دەتوانێت یارمەتی فێرخوازان بدات بۆ چالاکبونیان، فێرخوازێک کە بەشداری لە نمایشی شانۆی(ئاژەڵەکانی جەنگەڵ)، یان هەر نمایشێکیتردا بکات، نەک هەر ئەو بەشە دەزانێت کە ڕۆڵی تێداگێڕاوە، بەڵکو بەشەکانی دیکەش دەزانێت، دیمەنی نمایشەکەش لە مێشکیدا دەمێنێتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر. ئەمەش بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خۆشییەی لە نمایشکردنەکەدا بەدەستی هێناوە، بێگومان پێویستە بوترێت بۆ ئەوەی فێرخوازان(هەمو فێرخوازان بە یەکسانی بەشداری شانۆ بکەن) کەسانی چالاک و کارامەبن. پێویستە فێرکاران و ڕاهێنەران گرنگی بە بەرژەوەندی و حەزو مەیل و بیرکردنەوەکانی فێرخوازان بدەن، لەسەر ئەو بنەمایە وەڵامی پرسیارەکانیان لە هەمو بوارەکاندا بدەنەوە، بۆ ئەوەی کەسێکی سەربەخۆ و کارا و بیرمەندێکی ڕەخنەگر و مرۆڤدۆست بن، لەپێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، پشت بەخۆبەستن، متمانە بەخۆبون و گەڕان بەدوای خۆیدا. نابێت فێرخواز وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجێک هەژمار بکرێت، بەڵکو دەبێت خۆی بنەما و ئامانج بێت، چونکە خودا مرۆڤی بە ئازادی دروست کردوە و ڕێگەی بۆ گەیشتن بە بەرزترین ئاستی کامڵبون و مرۆڤایەتی نیشانداوە، مرۆڤ ئامانجە، مرۆڤ کامڵیە، مرۆڤ بنەمایە، مرۆڤ ناوازەیە، مرۆڤ خۆیەتی...هتد، هەمو ئەمانەش بەهۆی بەها و گرنگی سروشتی مرۆڤەوەیە، چونکە خۆی بەشێکە لە سروشتی خودا، هەر لەبەر ئەمەشە ڕاسل دەڵێت:"مرۆڤ دەبێت خۆی بنەما و ئامانج بێت نەک ئامراز"، لەسەر فێرکار پێویستە فێرخوازەکەی لەخۆی و دەوڵەت و کڵێسا خۆشتربوێت، ئەگەرنا نابێتە کەسێکی باش و نمونەی.

**باسی سێیەم: بنەمای دیموکراسی**: وەکو ئەوەی دەگوترێت دیموکراسی بریتییە لە حکومەتی خەڵک لەلایەن خەڵکەوە و بۆ خەڵک. وشەی دیموکراسی و نمونەکەی سەرەتا لەلایەن یۆنانیەکانەوە داهێنراون، یان بە واتایەکی تر دیموکراسی واتا ئەو حکومەتەی لەلایەن خەڵکەوە دروست دەکرێت، ڕاسل پێیوایە پێناسەی دوەم بنەمای حکومەتی دیموکراسیە. ئەو پێناسانەی سەرەوە زیاتر سیاسین و نوێنەرایەتی دەوڵەتە حکومییەکان دەکەن، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە بنەمای دیموکراسییە لە پەروەردەدا، وەک دەزانرێت جۆن دێوی لە کتێبی (دیموکراسی و پەروەردە)دا باسی دیموکراسی و پەروەردە و فێرکردنی کردوە، ڕاسل دیموکراسی بە حکومەتی هەڵبژێردراوی خەڵک دەزانێت (راسل، ١٣٤٨، ١٠٢)، ئەمەش زیاتر ئاماژەیە بۆ کایەی سیاسی و حکومی نەک پەروەردە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانرێت قسەکانی لە کایەی پەروەردەدا بەکاربهێنرێت و وەکو بنەمایەکی پەروەردەی دیاریبکرێت، دیموکراسی بناغەی پەروەردەیە و سیستەمێکی نمونەیی و ئایدیاڵی پەروەردە پێکدەهێنێت (راسل، ١٣٤٧، ١٠)، ئامانجی پەروەردە لەسەر بنەمای دیموکراسی پەروەردەکردنی مرۆڤێکی ئازاد و سەربەخۆیە (راسل، ١٣٧٧، ٢٣)، جگەلەوەش گرنگترین ئامانجی دیموکراسی ئازادی بیرکردنەوەیە(راسل، ١٣٤٨، ١١٣)، مەبەست لە دیموکراسی لە پەروەردەدا، بەواتای پێداگری لەسەر یەکپارچەیی و یەکسانیەکی تەواو نییە بەبێ ئەوەی هیچ لادانێکی تێدا نەبێت، بەڵکو بەکارهێنانی ئەو شێوازانەیە کە ماوەیەکی زۆرە لەبەردەستی خەڵکدایە بەگشتی، یان لانی کەم بۆ هەمو ئەو منداڵانەی بەهۆی بەهرەکەیەوە دەتوانن سودی لێ ببینن(راسل، ١٣٤٧، ١١)، هەر لەبەر ئەمەشە پێویستە بگوترێ هەندێک لە کوڕان و کچان لەوانی تر زیرەکترن و دەتوانن زیاتر سود لە خوێندنی باڵا وەربگرن. هەندێک لە فێرکاران باشتر ڕاهێنانیان پێکراوە بۆ کارەکانیان، یان بەهرەی زگماکی و سروشتییان زیاترە لەهەندێکی تر، نابێت هەمو فێرخوازان لەلایەن فێرکارێک یان دو فێرکارەوە پەروەردە بکرێن، نابێت هەمو فێرخوازان خوێندنی زانکۆی بخوێنن، ئەمە نە دادپەروەرییە و نە مومکین، چونکە دیموکراسی بڕیاردەدات هەرکەسێک بەپێی ئەو توانایە سروشت پێی بەخشیون کاربکەن، ئەمە دادپەروەریە. بۆیە لە پەروەردە و فێرکردندا دیموکراسی بە واتای یەکسانی مافەکان نییە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی لەناوبردنی بەهرە و توانای مرۆڤەکان، لەلایەکی تریشەوە دەبێتە ڕێگر لە پێشکەوتنی زانین و کۆمەڵگا مرۆییەکان. بێگومان پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ئەمە جیاوازە لەوەی پەروەردە بۆ هەموان بێت، پەروەردە بۆ هەموان یەکێکە لە دروشمەکانی یونسکۆ، کارێکی ناچاری سیستەمی پەروەردەیە، فێرخوازان تا ئاستی سەرەتایی پێویستە بە خۆڕایی پەروەردە بکرێن و سیستمی پەروەردەیی پابەندە بە دابینکردنی ئاسانکاری و پێویستی پەروەردەیی بۆ فێرخوازان بەبێ هیچ بەرامبەرێک، ئەمەش پەیوەندی بە دیموکراسییەوە هەیە، چونکە پێویستە سیستمی پەروەردەیی بە دادپەروەرانە ئاسانکاریی پەروەردەیی بۆ فێرخوازان دابین بکات بۆ ئەوەی بەهرە و تواناکانی فێرخواز بناسرێن و گەشە بکەن، ئەم بابەتە پەیوەندی بە ئاستی سەرەتاییەوە هەیە و ناتوانرێت لە خوێندنی باڵادا جێبەجێبکرێت، چونکە نە حکومەت توانای ئەرکێکی لەو شێوەیەی هەیە و نە هەمو فێرخوازان توانا و بەهرەی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزی ئەکادیمیان هەیە. نمونەیەکی ڕونی ئەم کارە(جێبەجێکردنی شێوازە پەروەردەییەکان لەسەر بنەمای دیموکراسی) لە پەروەردەی (مۆنتیسۆری) لەسەر ئاستی باخچەی ساوایان لە ناوچە هەژارەکانی شار کە هەمو منداڵان دەتوانن تێیدا بخوێنن دەردەکەوێت. لە ڕوانگەی ڕاسلەوە گرنگترین جۆری پەروەردە و فێرکردن ئەوەیە کە بە میتۆدێکی دیموکراسی دامەزراوە (راسل، ١٣٧٧، ٢٤)، مەبەست لە پەروەردە و فێرکردن لەسەر بنەمای دیموکراسی ئەوەنییە هەموان بتوانن خوێندنی باڵا تەواوبکەن، بەڵکو فێرکردنە لەسەر بنەمای بەهرە و توانا و لێهاتوی فێرخوازان لە هەمو ئاستەکانی خوێندن، هەرچەندە ئەمە زیاتر لە ئاستی خوێندنی باڵادا دەردەکەوێت، بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەببین پەروەردە و فێرکردن مافی هەمو تاکەکانی کۆمەڵگایە بەبێ جیاوازی چینایەتی لەناو کۆمەڵگادا، خوێندن بۆ هەموان دروشمێکی سەرەکی یونسکۆ و سیستەمی پەروەردەی جیهانیە، زیاتر جەخت لەسەر فێربون بۆ هەموان لانیکەم هەتا ئاستی سەرەتایی دەکەنەوە. ئەمەش نەک

تەنها دەبێتە هۆی دەرخستنی تواناکان و گەشەکردنیان، بەڵکو زەمینەی پێشکەوتن و گۆڕانکاری لە فێربونی مرۆڤایەتیدا فەرەهام دەکات. یەکێک لە بەرهەمەکانی دیموکراسی لە پەروەردەدا، ئازادی هزر، ئازادی بیرکردنەوە، هەبونی ئەقڵی کراوە، ئازادی بیرورا، ڕاستگۆیی و هەقیقەت، لێبوردەیی بەرامبەر بە ئەوانی تر، و باوەڕبون بەوەی زانین جیاوازە، بەڵام گەیشتن بە ئامانجەکان مەحاڵ نییە (Hare, 2001, 4)، لە بەشی بنەمای ئازادیدا جەخت لەسەر ئازادی هزری دەکەینەوە کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ دیموکراسیدا هەیە، بۆیە دیموکراسی تەنها پەیوەست نییە بە سیاسەت و حوکمڕانی، بەڵکو دەتوانرێت لە پەروەردەدا جێبەجێ بکرێت. ئەمەش وایکردوە لایەنگرانی دیموکراسی لە پەروەردەدا باوەڕیان بە جیاوازی نێوان پەروەردەی سودبەخش و پەروەردەی ئەرستۆکراتی(نمایشکاری) هەبێت، بەرگریکارانی پەروەردەی سودبەخش پێیان وایە نابێت لە فێربوندا زیاتر گرنگی بدرێت بە ئەرستۆکراتەکان، چونکە بەکارناهێنن. بۆیە دەبێت زیاتر گرنگی بدرێت بە چینی کرێکاران و پیشەوەران، دەبێت لەسەر بنەمای توانا و لێهاتوی خۆیان فێربین، ئەنجامی ئەوەش دروستبونی دادپەروەری و ویژدان و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە.

**باسی چوارەم: بنەمای ئازادی**: لە کاتی باسکردنی ئازادیدا جۆرە جیاوازەکانی ئازادی دێنە بەرچاو، ئازادی جۆری جیاواز هەیە، هەندێک پێناسەی ئازادی دەکەن بەوەی هەرچی بتەوێت بیکەیت تا ئەو ئاستەی نەبیە مایەی ناڕەحەتی بۆ کەسانی تر. لەنێو جۆرەکانی ئازادیدا ئەوەی پەسەندکراونیە ئەو ئازادییە دەبێتە هۆی کەمبونەوەی ئازادی کەسانی تر. ڕەنگە بنچینەییترین چەمکی ئازادی ئەو جۆرە ئازادییە بێت کە چاودێری دەرەکی لەسەر کردەی تاکەکان یان گروپەکان نییە، بەپێی ئەم دەربڕینە ئازادی شتێکی نەرێنییە، بەڵام پێویستە بزانرێت ئەمە تاکە تێڕوانین بۆ ئازادی نییە و نابێت. ئازادی بە بڕوای ڕاسل، پەیوەستە بە ئازادی نەتەوەیی، ئازادیی گروپ، ئازادی تاک، ئازادی سیاسی، ئازادی ئابوری، ئازادی هزری لەخۆدەگرێت (راسل، ١٣٤٨)، ڕاسل زیاتر جەخت لەسەر ئازادی سیاسی دەکاتەوە، ڕێگای گەیشتن بە ئازادی سیاسیش بە ئازادی پەروەردە دەبەستێتەوە، هەر بۆیە ئەویش وەک جۆن دێوی بەرزترین ئاستی ئازادیی بە ئازادی هزری دەزانێت، بۆیە لێرەدا باسی هەمو جۆرەکانی ئازادی ناکرێت، تەنها باسی ئازادی هزری دەکرێت کە لەڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە پێی دەگەین. پەروەردە و فێرکردن دەبێت پەرە بە ڕوحی ڕەخنەگرانە بدات لەناو خەڵک، بەڵام لە ئێستادا پەروەردە و فێرکردن پێچەوانەی ئەوە کاردەکات، دەبێت ئامانجی پەروەردە و فێرکردن دروستکردن و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ئازاد بێت، بەجۆرێک ڕایان بهێنێت گوێ لەوانی تر بگرن، ئەگەر شتێک گوترا لەگەڵ خواست و ویستی ئەواندا یەکینەگرتەوە توشی کاردانەوە و هەڵچون نەبن، لەهەرجێگایەک ڕەگەزپەرستی نەتەوەی و ڕەگەزی و بۆچونە ئاینیەکان زاڵبن، قوتابخانەکان پێویستە ئاگایانە کۆشش بکەن بۆئەوەی ئەم ڕەگەز پەرستی و بیرە دۆگماتیانە بگۆڕن و ڕێکی بخەن(هەمان سەرچاوە، ٨٨)، نەبونی ئازادی دەبێتە هۆی چەقبەستوی کۆمەڵگا. لێرەدا دەبێت بگوترێ گرنگی ئازادی تەنها لە کایەی سیاسیدا نییە، بەڵکو لە کایەی هزر و ئەندێشەی مرۆڤایەتیدا گرنگە. هەروەها ڕێگای گەیشتن بە ئازادی بیرکردنەوە تەنها لە ڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە دەبێت، ئازادی بیرکردنەوە لە ڕێگەی پەروەردەوە دەبێت بە جۆرێک دەبێت لە ڕەوتی پەروەردەدا مرۆڤەکان بەرەوڕوی بیرکردنەوە و بیروباوەڕێک ببنەوە کە نەبێتە هۆی ترس. مەبەست ئەوە نییە داوا لە خەڵک بکرێت باوەڕی بەو جۆرە بیر و بۆچونانە بکەن، بەڵکو پێویستە داوایان لێبکرێت بەدواداچون بۆ ئەو بیر و بۆچونانە بکەن و هەوڵی ڕەتکردنەوە و نکۆڵیکردنیان بدەن نەک لەسەر بنەمای دەمارگیری، بەڵکو لەڕێگەی ئارگیومێنتی لۆژیکی و ئەقڵیەوە، واتا بگەنە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە. بیرکردنەوەی ڕەخنەیی یەکێکە لە ئامانجەکانی پەروەردە و فێرکردن، بۆ بەدیهێنانی پێویستیمان بە ئازادی بیرکردنەوە هەیە لە کۆمەڵگادا. بیرکردنەوەی ڕەخنەی وەکو دەزانرێت کۆمەڵێک کارامەیی و شێواز و هەڵوێستە لەگەڵ پلانێکی گشتی، لە دو لایەنی زانین و ئاکار پێکهاتوە، پەیوەستە بە ڕەخنە و پێداچونەوە بە باوەڕ و بۆچونە جیاوازەکان، توانای جیاکردنەوەی ڕێگای ڕاستی و ناڕاستی هەیە، توانای دۆزینەوەی چارەسەرێکی

دادپەروەرانە و فێربونی زانین لەخۆدەگرێت (Hare, 2001, 2,3)، گرنگی پەروەردە تەنیا لە ڕەخنەگرتنی مرۆڤەکاندا نییە، بەڵکو لە ئازادیی هزردایە، ئەمەش دەبێتە هۆی:

١.دەبێتە هۆی وازهێنان لە خەڵک لەڕوی دەرونی و هزرییەوە.

٢.سەرچاوەی هەمو چاکەیەکە، کە لە هونەر و ئەدەب و زانستدا هەیە، سەرچاوەی زۆرێک لە باشترین سیفەتەکانە کە لە کەسایەتی مرۆڤدا دەردەکەون، وەک دەرکەوتنی ئازادی هزری(راسل، ١٣٤٨ ، ٧٥،٧٤).

٣.دەبێتە هۆی پێشکەوتنی هزر و ئاکار.

٤.هانی فێرخوازان دەدات بۆئەوەی هەر بیرۆکەیەک بە جێگەی گفتوگۆ بزانن، بە ئاسانی بۆچونەکانیان بگۆڕن کاتێک سەلمێندرا کە هەڵەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئازادی بیروباوەڕ، هەر بیروباوەڕ و هزرێک قابیلی نوێبونەوە و گۆڕانکاریە(راسل، ١٣٧٧ ، ١٨٧).

ئەگەر ئازادی بەتایبەت ئازادی بیرکردنەوە و هزرین لە کۆمەڵگادا نەبێت ئەوا درەنگ یان زو کۆمەڵگا توشی چەقبەستوی دەبێت، بەتایبەت چەقبەستوی کلتوری، دەستەیەک پەیدادەبێت و دەسەڵات دەگرێتە دەست، ڕێگری لە ڕەخنە دەکات و سزای ئەو کەسانە دەدات ڕەخنەیان لێدەگرن. ترس و دڵەڕاوکێ هەمو مرۆڤەکان دەگرێتەوە و کەس نامێنێت بێ ترس بژی، کاتێکش ترس زاڵ بو هیوایەک بۆ پێشکەوتن و گەشەی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا نامێنێت. هەروەها خەڵکی هەمان کۆمەڵگا کەسانی وەرگر و ناچالاک و ترسنۆک و بەدبەخت و بێناو دەبن، خەڵک بەهۆی دەربرینی بیروڕاکانیان کە پێچەوانەی بیروباوەڕی کۆمەڵگایە، هەراسان دەکرێن و سزادەدرێن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی سیستەمی پەروەردەی ئەو کۆمەڵگایە چیتر ناتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێبکات، چونکە ئەگەر سیستەمی پەروەردە کە بناغەی کۆمەڵگایە، نەتوانێت کاری خۆی بە باشی ئەنجام بدات، لەو حاڵەتەدا نەک هەر ناتوانرێت چاوەڕوانی لە دامەزراوەکانیتر بکرێت، بەڵکو دۆخی کۆمەڵگا بۆ خراپترین بارودۆخ دادەبەزێت، لەبەرئەو هۆکارە ئازادیی دیموکراسی کە مەرجێکە بۆ ئازادیی هزری، چیتر لە کۆمەڵگادا بونی نابێت و بیرکردنەوەی ڕەخنەی لە کۆمەڵگادا نامێنێت، ئەگەر بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە کۆمەڵگادا نەبێت ئەوا:

١.خوەکان بێلایەن دەبن و پەیوەندیان بە سەرکەوتنەکانەوە نابێت.

٢.خوی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجانەکان ڕوبەڕوی دژایەتی و دەمارگیری دەبێتەوە.

٣.خوی ژیان لە ڕوانگەی کەسییەوە، کە جۆرێکە لە خۆسەرکردایەتیکردن یان خۆئاراستەکردن نابێت.

٤.بە شێوەیەکی دۆگماتی سەیری بیروباوەڕەکان دەکرێت.

٥.ئەو باوەڕەی زانینی مرۆڤ جیاوازە، بەڵام مەحاڵە بەو ئامانجانە بگات نییە.

٦.ئازادی بیروڕا و بیرکردنەوە و ڕاستگۆیی و لێبوردەیی نامێنێت(Hare, 2001, 4).

بۆیە بە نەبونی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، کۆمەڵگا ڕوە و چەقبەستوی و نەمان دەڕوات، هەر لەبەر ئەمەشە بیرمەندانی وەک جۆن دێوی و ڕاسل و وایت هێد و ...هتد، لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەگرنگییەوە باسیان لە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و بیرکردنەوەی ئازاد کردوە، (Hare, 2012, 86)، وەک باسکراوە، بنەمای ئازادی یەکێکە لەو بنەما گرنگانەی بۆ فێرکاران و بیرمەندان لە بواری پەروەردەدا جەختی لەسەر دەکرێتەوە. ڕاسل پێیوایە باڵاترین ئازادی

بریتییە لە ئازادی هزری کە لەڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە پێیدەگەین، ئازادی بیرکردنەوە گرنگترین ئامانجی پەروەردەیە کە هەوڵی پێگەیشتنی دەدات. ئەگەر بمانەوێت هەڵسەنگاندن بۆ سیستەمی پەروەردەی هەر وڵاتێک بکەین، دەبێت بپرسین ئایا سیستەمی پەروەردە توانیویەتی فێرخوازان بکاتە ڕەخنەگر یان نا؟ لەسەر ئەم بنەمایە نەک تەنها لە سیستەمی پەروەردەدا بەڵکو لە نێو خەڵکی ئاسایی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هەیە، ئازادی بیرکردنەوە و ئەقڵی کراوە ڕێگری لە خۆپەرستی دەکات و ڕێگای خۆشویستنی مرۆڤ و ئەوانی دیکە فەرەهام دەکات، جگە لەوەش بنەمای ناسینی خود دابین دەکات. لە هەندێک کۆمەڵگە و حکومەتی دیکتاتۆریدا سیستەمی پەروەردەیی لە ژێر کاریگەری ئەو حکومەتەدایە، پڕوپاگەندەی ناساندنی فەلسەفەی ئەو حکومەتە دەکات، فەلسەفەیەک کە مەیلی بۆ ترساندن، گوێڕایەڵی، بەبێ هیچ هۆکارێک بڵێت بەڵێ، بۆ بێدەنگکردنی منداڵان، بۆ پەروەردەکردنی ترسنۆکەکان، بۆئەوەی خەڵک نەخوێندەوار بمێنێتەوە، دیارە ئەگەر حکومەت و لە ئاکامدا سیستەمی پەروەردەیی ئەو جۆرە مەیلانە لە نێو فێرخوازاندا بەرەوپێش ببات و بانگەشەی بۆ بکات، گەورەکانی ئەو کۆمەڵگایە کەسانی داخراو و کۆنەپەرست دەبن، ئەوان نەک هەر فێر دەبن هەمیشە بڵێن بەڵێ، بەڵکو دەبنە هۆی چەقبەستوی و پاشەکشەی کۆمەڵگا، ئەمەش خیانەت و دوژمنایەتیە دژی ڕەگەزی مرۆڤایەتی(Russell, 1946, 5)، ئەرکی سەرەکی سیستەمی پەروەردەی ڕزگارکردنی کۆمەڵگایە لەم جۆرە کێشانە، لەڕێگەی پەروەردەکردنی تاکێکی ئازاد و ڕەخنەگر و نەترس و بیرکەرە و خوێندەوار.

ئازادی جا ئازادی سیاسی بێت یان ئازادیی هزری شتێک نییە پێت ببەخشرێت، بەڵکو پێویستە بەدەستبهێنرێت، چونکە خودا مرۆڤی ئازاد دروست کردوە و ئەمەش مافی مرۆڤە کە خودا پێیبەخشیوە، بۆیە دەبێت بەرگری لە مافەکەی بکات و بەدەستی بهێنێت. هەرچەندە ڕەنگە لە ڕێگای ئازادیدا ڕوبەڕوی چەندین سەختی ببێتەوە، بەڵام مرۆڤ دەبێت تا دواهەناسە بەرگری لە ئازادی خۆی بکات، هەر بۆیە لە ئەفسانەیەکی ئەفریقادا هاتوە، دوای مردن ئازادی هیچ سودێکی بۆ مرۆڤ نییە، بەڵام ئازادی دەبێت لەم جیهانەدا تەنانەت بە خوێنیش بێت بەدەستبهێنرێت، جگە لەوەش زۆرێک لە شۆڕشەکان زیاتر بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ڕودەدەن بۆیە ئازادی بۆ مرۆڤ پێویستەیەکی حەتمیە، نەبونی ئازادیش ئازاری مرۆڤ دەدات، بەهۆی ئازادییە مرۆڤ خۆی دەناسێت، وڵاتەکەی دەناسێت، شوناسی خۆی دەزانێت، بەدوای بەهای مرۆڤایەتیدا دەگەڕێت، دەزانێت بۆ چی زیندوە و هیچ کاتێک زوڵم ناکات، چونکە ئازادی مافی هەموانە، بونگەراکان پێیان وایە ئازادی بونیادێکی ئۆنتۆلۆجی بونی مرۆڤە لەهیچ کات و بارودۆخێکدا لێی دانابڕیت و جیانابێتەوە تەنانەت ئەگەر خۆشی بیەوێت دەستبەرداری ببێت، بەمشێوەیە پەروەردەیەکی هاوچەرخ پێویستی بەو چوار بنەما سەرەکیە هەیە کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، ئەم بنەمایانە بنەڕەتێکی سەرەکی دروستبونی هەر سیستەمێکی پەروەردەی هاوچەرخن، لەدواجاردا کاریگەری تەواوەتی لەسەر ژیانی کۆمەڵگا و تەواوی ژیانی مرۆڤایەتی دروست دەکات لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە.

**ئەنجام:**

پەروەردە وەک بابەتێکی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتی بەدرێژایی مێژوی ژیانی مرۆڤایەتی گرنگی تایبەتی خۆی هەبوە، بەڵام بەپێی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ و ئەو سەردەمەی تێیدا ژیاوە ئامانجەکان و مێتۆد و ئامرازەکانی فێربون گۆڕانکاریان بەسەرداهاتوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ڕەهەندەکانی فەلسەفەی پەروەردەی بێرتراند ڕاسڵ دەستنیشان بکرێت، دەکرێت گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا بەدەستهاتون بەو شێوەیە بخرێنەڕو:

١.پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان فەلسەفە و پەروەردە و فێرکردندا هەیە، بەجۆرێک فەلسەفەی پەروەردە سەرجەم ئەو بنەما و تیۆر و چەمکە بنەڕەتیانە لەخۆدەگرێت و دادەڕێژێت کە لەسیستەمی پەروەردە و فێرکرندا پێویستن، فەلسەفەی پەروەردە دارێژەری سیاسەتی سیستەمی پەروەردەیە لە هەر سەردەمێکدا بەتایبەتی لەسەردەمی هاوچەرخدا، دەکرێت بگوترێت هیچ سیستەمێکی پەروەردەی بەبێ فەلسەفەیەکی پەروەردەی بە ئامانج ناگات.

٢. پەروەردە و فێرکردن ئامرازێکی گرنگ و کاریگەرە بۆ گەیشتن بە ئامانجە بنەڕەتییەکانی ژیان، چونکە بەهۆی پەروەردەوە خوەکان دروست دەبن، باشی و خراپی خوەکان پەیوەستە بە جۆری ئەو پەروەردەیەی فێرکاران و دایکان و باوکان لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی منداڵدا پەیڕەویان دەکەن.

٣. پەروەردە لە ساتی یەکەمی لەدایکبونەوە دەست پێدەکات، بۆیە دەبێت هەر لەسەرەتاوە بە وریایەوە مامەڵە لەگەڵ منداڵدا بکرێت، چونکە خوەکانی منداڵ و شێوەگیری ڕەفتاری هەر لەسەرەتای تەمەنەوە دەستپێدەکات، لەبەرئەوەی لە قۆناغەکانی دواتری تەمەندا گۆڕانکاری لە خوەکان و ڕەفتارەکان ئاسان نییە، بۆیە دەبێت گرنگیەکی زۆر بە تەمەنی منداڵی بدرێت، هەوڵبدرێت بە باشترین جۆر پەروەردە بکرێت، چونکە کاریگەری تەواوی لەسەر قۆناغەکانی داهاتوی ژیانی دەبێت.

٤.توندوتیژی و سزادان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن کاریگەری نەرێنی دروست دەکات لەسەر کەسایەتی منداڵ، بۆیە دەبێت هەوڵبدرێت پەیوەندیەکی پتەو لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی لە نێوان فێرکاران و فێرخوازاندا بونیات بنرێت، دەبێت فێرکاران بەوپەڕی توانای خۆیان هەوڵبدەن لەڕێگەی ئامرازە نەرمەکانی فێرکردن پەیامی پەروەردەی خۆیان بگەیەنن.

٥. پرسیارکردن و ڕەخنەگرتن و گفتوگۆکردن بنەمایی سەرەکی پەروەردەی هاوچەرخە، بۆیە دەبێت گرنگی زۆر بە پرسیاری منداڵان بدرێت و گوێیان بۆ بگیرێت، بە بایەخەوە لە پرسیار و سەرنج و ڕەخنەکانیان بڕوانرێت، فێرکاران دەبێت بە پشت بەستن بە بنەما زانستییەکان بابەتەکانیان بۆ ڕونبکەنەوە، هەوڵبدرێت خورافە و ناڕاستییەکان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دوربخرێنەوە.

٦. ئازادی و دیموکراسی دو بنەمای گرنگی سیستەمی پەرورەدەی هاوچەرخن، چونکە دەرفەتی هزرینی ئازاد بۆ فێرخوازان دەڕەخسێنێت، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و ئازادی بیرکردنەوە لە ئامانجە گرنگەکانی فەلسەفەی پەروەردەی هاوچەرخن، بۆیە پێویستە هەر قوتابخانەیەک و سیستەمێکی پەروەردەی لەسەر بنەمای ئازادی و دیموکراسی دابمەزرێت بۆ ئەوەی فێرخوازان بتوانن بە شێوەیەکی ئازادانە بۆچونەکانیان بخەنەڕو.

٧.ژینگە و دەوربەر کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر پەروەردە و فێرکردن هەیە، منداڵ کاتێک لەدایکدەبێت خاوەنی هیچ خویەک نییە، تەنها کۆمەڵێک غەریزەی سروشتی هەیە، ژینگە و دەوربەر فۆڕم بە منداڵ دەدات، چونکە بەسروشتی خۆی نە باشە و نە خراپە، بەڵکو وەکو کەرەسەتیەکی سادە و خام وایە، بەهۆی پەروەردە کردنەوە شکڵ و شێوە وەردەگرێت.

٨.پێویستە لەڕوی جەستەی و دەرونییەوە گرنگیەکی زۆر بە منداڵ بدرێت و ئامادەبکرێت بۆ قۆناغی پەرورەدەیی، ڕابهێنرێت لەسەر خوە باشەکان، پێویستە گرنگی بەلایەنی تەندروستی بدرێت، ئاسایش و ئارامی بۆ دابینبکرێت و هەست بە پارێزراوی بکات، بۆئەوەی بتوانێت لەڕوی هزریەوە بەتەواوی گەشەبکات.

٩.ئازادی ئیرادە، بیرکردنەوەی ئازاد، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، گفتوگۆی ئازادانە، پرسیارکردن، وردبینی، شیکردنەوە و لێکدانەوە....هتد، لە گرنگترین ئامانجە پەروەردەییەکانی بیرتراند ڕاسڵن، هەمو ئەمانە لەدواتردا بونە ئامانجی سەرەکی فەلسەفەی پەروەردەی هاوچەرخ.

**لیستی سەرچاوەکان:**


راسل، بیرتراند(١٣٤٧): در تربیت، ت.عباس شرقی، چ٣، انتشارات مؤسسه مطبوعاتی عطائی، تهران

راسل، بیرتراند(١٣٤٨): حقیقت و افسانه، ت.منصور مشکین پور، انتشارات جاویدان، تهران.

راسل، بیرتراند(١٣٧٧): اموزش و زندگی بهتر، ت.ناهید فخرایی، انتشارات خوارزمی، تهران.

راسل، بیرتراند(١٣٤٦): وظایف معلم، ت.عباس علی رضایی، ماهنامه اموزش و پرورش، دوره٣٧، شماره٥،٦.

شریعتمداری، علی(١٣٧٥): اصول فلسفه اموزش و پرورش، انتشارات امیر کبیر، تهران

شریعتمداری، علی(١٣٨٠): اصول تعلیم و تربیت، انتشارات دانشگاه تهران، تهران.

علی، محمد الحاج(١٩٩٢): التربیة الجنسیة، مکتبه ابن خلدون.

میلر، جان(١٣٧٩): نظریه های برنامه درسی، ت.مهر محمدی، انتشارات سمت، تهران.

النعمی، عبده(٢٠٠٨): التربیة الجنسیة بین تاثیر الأسرة ومقتضیات الخصائص التعلیمیة فی مقرر علم الأحیاء، رسالة ماجستیر، قسم علم الأجتماع، کلیه العلوم ألأنسانیة و ألأجتماعیة، جامعة الجزائر.

نقیب زاده، میر عبدالحسین(١٣٧٤): نگاهی به فلسفه اموزش و پرورش، انتشارات طهوری، تهران.

Russell, Bertrand(1946): Ideas that have harmed mankind, https://russell-j.com/IDEAHARM.HTM.

Hare .W.,(2001):" Bertrand Russell on Critical Thinking", in"Proceedings of the Twentieth World Congress of Philosophy, published in the Journal of Thought, No.36.

Hare, William(2012): Critical Thinking as an Aim of Education, routledge.